گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ململانێی چینایەتی وەك هۆكارێك بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی فەڕەنسی (1789) و كاریگەریەكانی - توێژینەوەیەكی مێژووی سیاسیە

**هانا علی حمە**
بەشی مێژوو، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین,ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.hana.ali@uor.edu.krd

**أحمد حمة مصطفی**
بەشی مێژوو، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.
ahmed.hama1976@uor.edu.krd

**ڕەوەز محمود ڕەسوڵ**
بەشی مێژوو، كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق
rawaz.mahmud@uor.edu.krd

**زانیاریەكانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٢/١١/١
پەسەندكردن:٢٠٢٣/١/١٧
بڵاو كردنەوە: پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەكییەكان**
Revolution, King, France, Social Classification, National Assembly.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.4.24

**پوختە**

ئەنجومەنی چینەكان لە ساڵی (1302) دامەزرابوو، بەڵام لە (1614)وە هیچ كۆبوونەوەیەكی ئەنجام نەدابوو، لە (1788 -1789) بە فەرمانی پادشا (لویسی شانزەهەم) ئەنجومەكە كارا كرایەوە و هەلبژاردنی چینەكان ئەنجامدرا و نوێنەرانی (چینی گشتی، خانەدان، پیاوانی ئاینی) هەڵبژێردران. چینی گشتی كە نوێنەرایەتی زۆرینەی فەرنیسیەكانی دەكرد، كەوتە ململانی لەگەڵ چینەكانی تردا بۆ بەدەستهێنانی مافی چینی گشتی ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە سەر دروستبوونی ئەنجومەنی نیشتمانی كە دواتر بوو بە پشەنگی شۆرشی فەرەنسی. ئەم توێژینەویەوە بە ناونیشانی (ململانێی چینایەتی وەك هۆكارێك بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسی (1789) و كاریگەریەكانی)، هەوڵێكە بۆ باسكردنی كاریگەری ئەنجومەنەكە

(ئەنجومەنی نیشتمانی) کە لە ساڵی (1789) لە فەرەنسا وەك گەورەترین دامەزراوەی سیاسی بەکاریگەری هۆکارگەلی جۆراوجۆر دامەزراو لە حوکمرانی وڵاتی فەرەنسا رۆڵی هەبوو، هەروەها ململانێی چینایەتی وەك یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەنجومەکە گفتوگۆی لەبارەوە کراوە. بەگشتی ئەم توێژینەوەیە بۆ پیشەکی و دەروازە و سێ باسی سەرەکی دابەشکراوە، باسی یەکەم بریتییە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و پێکهاتەی چینەکان وەك فاکتەرێك بۆ قوڵبوونەوەی ململانیی چینایەتی و زەمینەی سەرهەڵدانی ئەنجومەنی نیشتیمانی فەرەنسی، باسی دووەمیشمان، تەرخانکردووە بۆ قۆناغی ڕاگوزەر لە ئەنجومەنی چینەکانەوە بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی، لە کۆتا باسیشدا ئاماژەمان کردووە بە ئەنجومەنی نیشتیمانی و کاریگەریەکانی لە هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی و دانانی دەستورێکی مەدەنی بۆ فەرەنسا.

## پێشەکی:

چەند دەیەیەك بەر لە شۆڕشی ساڵی (1789) فەرەنسا، وڵاتی فەرەنسا ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی قوڵی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بووبۆوە، کە پێویست بوو ئەنجومەنی چینەکان (خانەدان، پیاوانی ئاینی، چینی گشتی) وەك گەورەترین دەزگای نوێنەرایەتی هاوڵاتیان و دامەزراوەی ڕاوێژکاری سیستەمی پادشایەتی لە فەرەنسا، نەخشە ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بخاتەڕوو، بەهۆی ئەوەی دەنگدان لەسەر چارەسەری کێشەکان بە شێوەی گروپ بوو، کە چینی گشتی کە تەنها خاوەن یەك دەنگ بوو، کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو لە بڕیارەکانی ئەنجومەنەکەدا، ئەندامانی چینی گشتی بڕیاریاندا ڕێگە چارەیەك بدۆزنەوە بۆ خۆدەربازکردن و هەروەها کاریگەربوون لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتدا، دوای وتوێژ و بیرکردنەوەیەکی زۆر ئەنجومەنی نیشتیمانیان وەك شوێنگرەوەیەك لەبری ئەنجومەنی چینەکان دامەزراند، کە ئەو ئەنجومەنە توانی لەماوەی ساڵانی (1789-1791)

وەك گەورەترین دامەزراوەی سیاسی بەشێوەیەك لە شێوەكان حوكمی وڵاتی فەرەنسا بكات و چەندین چاكسازی ئیداری و كۆمەڵایەتی و سیاسی بنەڕەتی ئەنجام بدات.

هەڵبژاردنی توێژینەوەكە: بابەتی (ململانێی چینایەتی وەك هۆكارێك بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسی (1789) و كاریگەریەكانی- توێژینەوەیەكی مێژوویی سیاسیە)، لەڕووی مێژووییەوە بابەتێكی گرنگ و پڕ بایەخە، بەڵام لە زانكۆكانی كوردستان توێژەران گرنگیەكی ئەوتۆیان پێنەداوەو توێژینەوەی سەرەبەخۆیان لەو بارەیەوە ئەنجام نەداوە، كە ئەمەش هۆكار بوو بۆ ئەوەی ئەم بابەتە هەڵبژێرین بۆ توێژینەوەكەمان.

**1 - گرنگی توێژینەوەكە :**

گرنگی توێژینەوەكە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە ئەم ڕووداوە چەندین دەرەنجام و كاردانەوەی ناوچەیی و جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا كە تا ئێستاش هەندێكیان بوونیان هەیە، بۆیە توێژینەوە لەبابەتێكی ئەوا پڕ بایەخدا بەكارێكی گرنگ دادەنرێت لەلێكۆڵینەوەی مێژوویی دا .

ئامانجی توێژینەوەكە: بریتی یە لەگرنگی دان بەبواری توێژینەوەی مێژوویی و ئاشنابوون و شارەزابوون لەوردەكاریەكانی ئەم ڕووداوە .

میتۆدی توێژینەوەكە: لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە زیاد لە میتۆدێك بەكار بهێنرێت و پشت بە میتۆدی هەمەجۆر ببەسترێت بەتایبەت میتۆدی گێڕانەوە و شیكاری، بەپێی شوێن و كات مامەڵە لەگەڵ میتۆدەكان بكرێت، بەشێوازێكی زانستی و بە پشت بەسەرچاوە مێژوییە زانستیەكان لە بارەی پەیوەندییەكانەوە بدوێین

**دەروازە**

بزوتنەوەكانی ڕێنسانس و دۆزینەوە جوگرافیەكان و ڕیفۆرمی ئاینی جارێكی تر ئەوروپایان خستەوە بەردەم قۆناغێكی نوێی گۆڕانكاری لە هزر و دید و تێڕوانین و هەلسەنگاندندا و مرۆڤی ئەوروپیان خستە بەردەم پرسیارە قورسەكان، پرسیار لە فۆڕمی دەوڵەت پرسیار لە شێوە ژیانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئابوری و کۆمەڵایەتی، گومان لە پرسە ئاینییەکان و ئەو تێگەیشتنە ئاینیەی وەك کۆت و بەند و سەرچاوەی بارگرانی ئابوری هاوڵاتیان سەیر دەکرا، لەو سەروەختەدا دەرك بەوە دەکرا کە بۆشایی و کەلێنێك لە بینایی هەڵچنراوی ڕۆشەنبیری و مەعریفی ئەوروپیدا هەیە، کە پێویستە پڕبکرێتەوە، سەرەنج لەسەر ئەوەبوو ئەو باهۆزی گۆڕانکاریانەی کە لەسەدەی (13) لە بزوتنەوەی ڕێنسانسەوە هەڵی کردبوو پێویست بوو بگاتە مەنزڵ و لە شوێنێك لەنگەر بگرێت، کت و مت ئەو وڵاتەی ئامادەبوو باوەش بۆ ئەم گۆڕانکاریە بکاتەوەو وێنە ناتەواوەکە تەواو بکات فەڕەنسا بوو. شۆڕشی فەڕەنسی کە یەکەمین پریشکی لە (14) تەمموزی ساڵی (1789) دەستی پێکرد بە یەکێك لە گرنگترین ڕووداوەکانی مێژوو دادەنرێت نەك تەنها لە فەرەنسا بەڵکو لەسەراپای ئەوروپا و جیهانیشدا. کە ئەو شۆڕشە لە بنچینەدا شۆڕشی چینایەتی بوو دژ بەرژێمی پاشایەتی و ئابوری و کۆمەڵایەتی چەقبەستوو (قانع، 2019، ل21-22).

لە سەدەی (18) دا جگە لە بەریتانیا سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتانی ئەوروپا پەیڕەوکەری سیستەمی دەرەبەگایەتی بوون، هەر لە موڵکایەتیەوە تا دەگات بە پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەرەبەگ و پیاوانی ئاینی سودمەندی یەکەمبوون، سەرەڕایی بەهێزی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە وڵاتی فەڕەنسا ، دۆخی چینی بۆرجواز و بازرگان و پیشەوەر و جوتیارە فەڕەنسیەکان لەوڵاتانی تری ئەوروپا باشتربوو، هەر ئەمە خەسڵەتەش وایکردبوو کە چینی گشتی لە فەڕەنسا ببێتە پێشەنگی لەبەریەك هەڵوەشانی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە فەڕەنسا بەر لە وڵاتانی تری ئەورپا.(MaPhee, Peter, 2013: 32)

هەر لە دێر زەمانەوە خاکی فەڕەنسا خاوەن گەل و نیشتیمانی ڕەسەنی تایبەت بە خۆی بووە، ئەم تایبەتمەندیەش وایکردووە هەمیشە خاوەن دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی تایبەت بە خۆی بێت و هەمیشە وەك دەوڵەتێکی پادشایی بەهێز لە کیشوەری ئەوروپا پێگە و ئاراستەی سیاسی تایبەت بە خۆی هەبێت (حاطوم، 1979: 28). پادشاکانی بەناوی سێبەری خوداوەندەوە حوکمرانی وڵاتیان دەکرد و پاشا دەسەلاتی رەهای هەبوو، لەماوەی حوکمڕانی پادشا لویسی شانزدەهەمدا (1793-1774) بڕیاری یاسا دەرکردن، بڕیاری شەڕ و ئاشتی و دادگا و دەسەڵاتی دادوەری و سەرجەم دەسەڵاتە ئیداری و کۆمەڵایەتیەکان لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو بە شێوەیەکی ڕەها حوکمی وڵاتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرد. (Furet, Franscois,1996:3-4). هەرچەندە بەهۆی پاشخانی ئاینی کۆمەڵگای فەڕەنسی دەسەڵاتی پادشاکانی بنەماڵەی بۆربۆنی[1] شاهانەی فەرمانرەوا بەچاوی پیرۆزەوە سەیردەکرا، بەڵام زۆری جەنگە یەك لە دوایەکەکان و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی وڵات و زۆری ڕێژەی باج و بڵاوبونەوەی نەخۆشی و قوڵبونەوەی ململانێ سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان وایکرد لەسەردەمی لویسی شانزەدا دەسەڵاتی پادشایەتی بەرە و نابوت بوون و بێهێزی بچێت ( نجم، 2012: 272).

لەڕووی کارگێڕیەوە تا ئەو کاتەش فەڕەنسا هەر لەسەر شێوازە کلاسیکەکەی سەدەکانی ناوەراست بەڕێوە دەچوو، بە شێوەی هەرەمەکی و بەپێی بەرژەوەندی پادشا و خانەدانەکان لەسەر بنەمای چەند هەرێمێکی جیاجیا و پارچە پارچە، کە هەر هەرێمێك لە ژێر سایەی فەرمانڕەوایی خانەدانێکدا بوو، خاوەن سیستەمی تایبەت لە بەڕیوەبردن و یاسا و کۆکردنەوەی باج بوو هەتا لە ڕوی پێوانە و کێش و سەرانە سەندنەوە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان هەرێمەکانی باشور و ناوەڕاست و باکوردا هەبوو، کە زیاتر لە شێوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی کۆن دابوو، بەهیچ جۆرێك ڕەچاوی ئاستی دۆخی ئابوری و جوگرافی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی تێدا بەدینەدەکرا، لە کاتێکدا تا دەهات فەڕەنسا زیاتر لە ڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە دەگۆڕا و پێویستی بە دەسەڵاتێکی نوێ و سیستەمێکی نوێ لە لە بەڕێوەبردندا هەبوو، بە جۆرێك جیاوازی لە شێوازی ئیداری و یاسای هەرێمە تایبەتەکان ببو بەربەستی گەورە بۆ پێشکەوتنی چین و توێژە بازرگان و پیشەگەرەکان، کە لەو کاتەدا ویستی دامەزراندنی یەکێتیەکی ئابوری وئیداری پتەویان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هەبوو. (ئەحمەد، 2014: 29).

پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسی (1789)، وڵاتی فەرەنسا ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی قوڵی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بووبۆوە، فراوانبونی پانتایی ئاریشەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا و پێویستی چارەسەرکردنی، زەمینەی گرتنەبەری ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆری ڕەخساند،

---

[1](Bourbon) ناوی بۆربۆن لە قەڵای بۆربۆنیای فەرەنساوە هاتووە، بنەماڵەیەکی بەناوبانگی فەرەنسا و ئەوروپا بوون لە سەدەکانی ناوەراستەوە حوکمی فەرەنسا و ئیسپانیا و بەشێك لە ناوچەکانی ئیتالیایان دەکرد. بۆزانیاری زیاتر بروانە:(صالح،2005: 249).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانیش وەك یەك لەو ڕێگەچارانە و وەك دامەزراوەیەکی گەورەی سیاسی بۆ بەشداریکردن لە حوکمرانی وڵات و بەر ئەنجامی ئەو ڕەوشە ناهەموارەی کۆمەڵگا و بەو ڕۆڵە دیارەی لەو پێناوەدا گێڕاویەتی و ئەو کاریگەریەشی کە لە پەرەسەندنی پێشکەوتنەکانی دروستی کردووە.

**باسی یەکەم: بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و پێکهاتەی چینەکان وەك فاکتەرێك بۆ قوڵبونەوەی ململانیی چینایەتی و زەمینەی سەرهەڵدانی ئەنجومەنی نیشتیمانی فەڕەنسی:**

ئەگەرچی ئاسان نیە کە پێناسەیەکی ئەبستراکت بۆ دابەش بوونی چینایەتی کۆمەڵگا بکەیت، لەبەرئەوەی دابەش بوونی چینەکانی کۆمەڵگا لەهەر کۆمەڵگایەک خەسڵەت و تایبەمەندی خۆی هەیە بەلام دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بەو جۆرە پێناسەی بکەین کە دابەشکاری چینایەتی دابەشکارییەکە کە ئاماژە بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی دەکات کە کۆمەڵگاکانی لەسەر بنەمای سۆسیۆ-ئیکۆنۆمی پێ ڕێکخراوە. ئابووری و پێگەی ئابووری تاکەکانی کۆمەڵگا هەڵسوڕێنەری بنەرەتی چینایەتی و دابەشبوونی چینەکانە، پێگەی چینایەتی ڕۆڵی گرنگ لە دیاریکردنی ئاراستە و دەرفەتاکانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەگێڕێت (Rose and Harrison, 2010: 6).

**یەکەم: بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی چینەکان**

کۆمەڵگای فەرەنسا بەر لە شۆڕش دابەشی سێ چینی کۆمەڵایەتی ببوو ئەوانیش (خانەدانەکان و پیاوانی ئاینی و چینی گشتی) بوون، ئەم دابەش بوونەش دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی دەرەبەگایەتی، ئەو سێ چینە نە لە (ئەرك) و نە لە (ماف)دا یەکسان نەبوون، ئەمەش تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی ڕق و کینەی لێ کەوتبۆوە:

**أ- چینی خانەدانان یان (الاشراف – پیاو ماقوڵان):** پلەی خانەدانی ئەگەرچی بەشێوەیەکی بۆماوەییە لە باوانەوە بۆ نەوەکانیان دەگواسترایەوە، هەندیکجاریش لەلایەن پاشاوە دەدرا بەکەسانێك کە خزمەتێکی گەورەیان پیشکەش کردبایە، ئەم چینە لە زۆربەی باجە سەرەکیەکان بەخشرابوون لەوانە باجی زەوی و باجی سەرمایە (Andress, David, 1999 :12 and 13)، و تاکەکانیشیان بە بەرزترین پلەو پایەی (مەدەنی و سەربازی) لە دەوڵەتدا سودمەندبوون، جگە لەمە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوبەشــی هەموو شــتێکی جووتیارانیش بوون وەك: دانەوێڵە و مەڕ و ماڵات و پەلەوەر، تەنانەت مافی ڕاوکردنیشــیان هەبوو لە کێڵگەی جوتیاراندا (ابو علیه، 2007: 231). ئەم چینە ئەگەرچی کەمینەیەکی زۆر کەمی کۆمەڵگای فەرەنســیبوون کە لەڕێژەی 2% تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام نزیکەی یەك لەسەر پێنجی زەویە کشتوکاڵیەکانی فەرەنسا موڵکی ئەوانبوون، کە بە هەزاران جوتیارو کۆیلەی زەوی کاریان تێدا دەکردن، ئەمە جگەلەوەی ئەو چینە چەندین مافی وەك کۆکردنەوەی باج و بێگاری کردن بە جوتیاران و ناچارکردنیان بۆ ئەوەی تەنها لە ئاش و دەزگاکانی ئەواندا کارەکانیان بکەن، کەواتە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا چینێکی زۆر کەم لە فەرەنسادا هەبوون کە لەسەر بەشی هەرە زۆری ئیمتیازە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەژیان، لە کاتێکدا کە تادەهات گەشــەســەندنە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان ئەو چینەی دەکردە بار بەســەر کۆمەڵگای فەڕەنسی یەوە (ئەحمەد، 2014: 17-18).

**ب- چینی پیاوانی ئاینی:** پیاوانی ئاینیش وەکو چینی خانەدانەکان خاوەنی پێگەو پلەو دەستکەوتبوون و لە باجدانیش بەخشرابوون، داهاتی ساڵانەی کەنیسە کە لە بەخشینی تاکەکان بەتایبەتی چینی سێیەمی کۆمەڵگاوە دەهات دەگەیشتە (سەد ملیۆن فرانك) ئەو داهاتە ژمارەیەکی کەم لە پیاوانی ئاینی لێی سوودمەند دەبوون، تەنانەت بەشی هەرەزۆری سەربەو چینە لە نەداری و نەهامەتیدا دەژیان (ابو علیه،2007: 311).

وەك تیبینی دەکرێت، گرفتی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەو چینەدا لەوەدابوو کە هەمیشــە مۆری ڕەزامەندی خوداییان لەکارو کردەوەکانی پاشــا دەدا، بەمەش هەرجۆرە گلەیی و گازندەیەك لە دەســەڵات و سیستەمی پاشایەتی بە (بێ باوەڕی – کفر) لە قەڵەم دەدراو سزای توندی بەدوایی خۆیدا دەهێنا.

**ج- چینی سێ یەم:** چینی گشتی یان چینی بۆرجوازی: زۆرینەی هەرەزۆری کۆمەڵگای فەرەنسی لەو چینەدا خۆیان دەبینیەوە، وەك کرێکاران و جوتیاران و فەرەمانبەرانی دەوڵەت و ووردە بازرگان و پیشەگەرو مامۆستا...هتد) بە شێوەیەکی سەرەکی چینی گشتی لە چوار کۆمەڵەی تایبەت پێکهاتبوو، یەکەمیان گوندنشینەکان کە ڕوبەرێکی فراوان لە زەویان لە بەردەستدا بوو، قەبارەیان لە شوێنیکەوە بۆ شــوێنێکی تر جیاواز بوو، بەڵام نەبووبوون بە خاوەن موڵکی تایبەت بە خۆیان، چینی دووەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاوەن خانوبەرەکان بوون"(الســبکی، 1985: 21) ســێیەم کۆمەڵە بۆرجوازە باڵاکان بوون، کە لە ڕووی بازرگانی و دارایەوە مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵ دانیشــتوانی ئاســایی هەبوو، هەندێك لە ئەندامانی توانیبویان بگەن پلەو پایە بەرزەکانی وڵات و هاوشـێوەی خانەدانەکان لە چەندین پڕۆژەی بازرگانی و دارایدا بە شــداریان هەبوون و خاوەن دەســتکەوتی باشــبوون، بە واتایەکی تر، چینی بۆرجوازیش لە ناوخۆیدا خۆیدا دابەشی چەند چینی جیاواز دەبۆوە کە بەپێی پلە و پۆست و توانای داراییان دابەش بوون ((Gobban, Alfred, 1999, p. 53-54 ، دوا کۆمەڵەش چینی گشــتی لە زۆرینەی چینی زەحمەتکێش و کرێکار بوون و بەپێی ئیش و کاری ڕۆژانە هەوڵی دابینکردنی و بژێوی ژیانیان دەدا .. هەروەك قەشـە سیساس (1748-1836) کە خۆی هەرچەندە سەر بە چینی پیاوانی ئاینی بوو، بەڵام لایەنگری چینی گشتی بوو، کتێبێکی دانا بەناوی چینی سێیەم چییە؟ لە کتیبەکەیدا وەڵامی خۆی دەداتەوە کە چینی سێیەم هەموو شتیکە بەڵام هیچیش نییە![1].

ئەو چینە لە (ئەرك) دا بارقورس و لە (ماف) بێ بەش بوون ئەمانە (باج دەرو سەربازو خزمەتکاری خـانـەدان و پیـاوانی ئـاینی) بوون، لـە کـاتێکـدا بێ بـەش بوون لـەمـاف و ئـازادی و یـەکســـانی و پەراوێزخســـتنیان لە بواری ســـیاســـی و ئابوری دا. کە دواتر هەر لەناو ئەو چینەدا ڕۆشـــنبیران و مامۆســـتایان و پزیشـــکان و پارێزەران و فەیلەســـوف و بیرمەند دەرکەوتن و کەوتنە ململانێ و تەنگەتاوکردنی خانەدانەکان بۆ دەسـت خسـتنی پلەو پایە حکومیەکان لەبەرئەوەی لەو سـەردەمەدا دام و دەزگاکان پێویسـتیان بە خەڵکی تایبەتمەندو پسپۆڕ هەبوو لە بوارە زانسـتییەکاندا تاڕادەیەکی زۆریش خانەدانەکان لەو زانســتانە بێ بەش بوون (نوار و نعنعی، بدون الســنه الطبع: 24). گەشــەی چینی بۆرجوازی و بەهێزبوون و دەوڵەمەندبونیان و کۆبوونەوەی ســەرمایە لەلای ئەوان پاڵنەربوو بۆ مەیلی ئەم چینە بۆ بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات لە کاتێتکدا لە لایەن چینی فەرمانڕەواو باڵادەسـتی خانەدانەوە ئەوان لە هەموو دەسەڵاتێک بێبەشکرابوون و لە دەرەوەی چوارچێوەی حوکمرانی بوون. (Mcphee, Peter, 2013. P. 3)

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چینی سێیەم لە کۆمەڵگادا بڕوانە:
Toma, P. A. (1964). Book Reviews: What is the Third Estate? By EMMANUEL JOSEPH SIEYES. Translated into English by M. Blondel; New York: Frederick A. Praeger, 1963.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: بارودۆخی ئابوری ورۆڵی لە قولبونەوەی جیاوازییە چینایەتیەکاندا:**

لەڕووی تۆخ بونەوە و قوڵبونەوەی جیاوازییە چینایەتیەکان هۆکارە ئابورییەکان هیچیان کەمتر نییە لە لەهۆکارە کۆمەلایەتیەکان و دەکرێت ئەو دوو بوارە وەك هاوتەریب و بزوێنەری سەرەکی ئەو دیاردە سەیر بکرێن. گەر دیدی مارکس بۆ جوڵێنەری مێژوو بەهەند وەربگرین، ئەوا دەکرێت بلێین لایەنی ئابوری هۆکاری سەرەکی و بگرە بنچینەیی ململانێ و پێکدادانە کۆمەڵایەتییەکانی کۆتایەکانی سەدەی (18) فەرەنسی بوو، (برون، 2006: 358). بەهەدەردانی سەروەت و سامانی وڵات لەلایەن بنەماڵەی پاشاوە لەشتی بێ سوودو بێ کەڵك، بەتایبەت لەلایەن لویسی پانزەهەم و لویسی شانزەهەم، لویسی پانزەهەم کە لە تەمەنێکی کەمدا هەرەمی دەسەڵاتی گرتە دەست کە سایەتیەکی گونجاوی نەبوو بۆ فەرمانڕەوایی کردن بەڵکو کەوتە ناو نازو نیعمەتەکانی کۆشك و فەرامۆش کردنی کاروبارەکانی دەوڵەتداری و تاوای لێهات ئافرەت کاروباری دەوڵەت و جوڵاندنی سوپاو دانان و لابردنی وەزیرەکانی لەئەستۆ گرتبوو، ئەمەش سەری کێشا بۆ بڵاوبوونەوەی هەژاری و نەخۆشی و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و تەشەنە سەندی بەدرەوشتی و دواتر نەمانی هەیبەتی دەوڵەت و دام و دەزگاکانی حکومەت لە پێش چاوی جەماوەر (نجم، 2012: 272). هەرچەندە لویسی شانزەهەمی پادشا فەڕەنسا لەڕووی کۆمەڵایەتی و مامەڵەکردنەوە بە کەسێکی نەرم و نیان و دڵ فراوان و خاوەن کەسایەتی باس دەکرێت، بەڵام ئەویش زوو کەوتە داوی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی وڵات و تەخشان و پەخشان کردنی بەسەر کەسە نزیکەکانی و خانەدانەکان و ناودارەکانی وڵات، بۆ نموونە گەر ساڵی (1774) وەربگرین تەنها لە کۆشکی ڤێرسای وێرای بنەماڵەی پاشا (886) بنەماڵەی خانەدانی لەخۆدەگرت، کە نزیکەی (29)چێشت لێنەرو (56)ڕاوچی و (47)موزیك ژەن و (8) بیناسازی تێدابوون، سەرباری ژمارەیەکی زۆریش لە سکرتێرو پیاوای ئاینی و پزیشك و پاسەوانی کۆشك .... هتد، کە کۆی گشتیان (6)هەزار کەس دەبوون لەگەڵ (10) هەزار سەرباز کە ئەمانە هەموویان بەژیانێکی زۆر باش لەسەر داهات و بوجەی ئەو وڵاتە دەژیان، تەنها پاشا خاوەنی (15) کۆشك بووە کە هەریەك کۆشك زیاتر لە (10) ملیۆن لیرەی ئەوکاتەی تێچووە (ئەحمەد، 2014: 30–31). ئەمەش وایکردبوو کە خەرجیەکانی دەوڵەت زۆر لە داهاتەکەی زیاتربوو، هیچ چاودێرییەك لەسەر خەرجییەکان نەبوو، دەوڵەت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان پشتی بە قەرز دەبەست،

کە قورساییەکی زیاتری دەخستە سەر دەوڵەت، بۆ نمونە رێژەی قەرزەکانی دەوڵەت لەساڵی (1789) دا گەیشــتە (٣٠٠) ملیۆن لیرەی ســاڵانە، کە لە نیوەی داهاتی دەوڵەت زیاتر بوو، کە هەموو ئەم دۆخە ئابووریە نالەبارە کاریگەری لەســەر کۆمەڵگا و دۆخی ئابووری ولات هەبوو کە خواســتی ریفۆرم ببوو بە داواکاری سەرەکی  چینی گشتی لە فەرەنسادا. (Andrson James M., 2007: 25 and 26)

ماری ئەنتوانێت خێزانی لویسی شانزەهەم  کچی ئیمپراتۆری نەمسابوو، رۆڵێکی سلبی گەورەی هەبوو لە لاوازکردنی کەســایەتی پاشــادا، ئەو کەســایەتیەکی توندوتیژو لوت بەرزو خۆبەگەورەزانی هەبوو، دەستی لە کاروباری سیاسی وەردەداو لەدانان و لابردنی وەزیرەکانی دەوڵەتدا ڕۆڵی هەبوو، جگە لەمە گرنگیەکی لە ڕادەبەدەری بە حەزو ئارەزووە تاکە کەسیەکانی دەدا لە بەهەدەردانی سامانی گشتی لە کڕینی خشڵ و زێڕو دیاری گرانبەها تەنانەت ساڵێك بەر لە شۆڕش یەکێك لە هەرە کۆشکە دیارەکانی پاریســـی کڕی لە کاتێکدا هاوڵاتیان لە نەهامەتی و بێ کاری و هەژاریەکی توندا ژیانیان دەگوزەراند (البطریق، نوار، بدون السـنة الطبع: 339–340). دانانی باج و ســەرانە کە بەشـێوەیەکی ڕەها لە سەردەمی لویسی چواردەهەمەوە لەدەستی پاشادابوو، نە بەشێوەیەکی یەکسان لەسەرجەم هاوڵاتیان وەردەگیرا، نە برەکەشـــی لە هەموو ناوچەو هەرێمەکاندا وەکو یەك بوو، ئەمە جگە لەوەی یاســای (الاســتثناءات و الاعفاءات) ڕەچاو دەکراو پاشــا کێ ی مەبەســت بوایە یاســای (هەڵاوێردو چاوپۆشی) بەرامبەر جێ بەجێ دەکرد، کە بێ گومان چینەکانی سەرەوە نزیك لە پاشا سوددمەندی یەکەمی ئەو یاسایە بوون (سوبل، 1989: 77- 78). لایەنێکی تری کاریگەر لەسەر دۆخی ئابوری بە تایبەت تێکچوونی ئابووری گوندەکان بریتبوو لە زۆری شـــەڕەکانی دەوڵەوت و بەســـەربازگرتنی گەنجەکان لە ناو گوندەکاندا کە زیانی زۆری بە ئابووی گوندەکان گەیاند و دەستی هێزی کاری گەنجی زۆر کەمکردەوە،بەجۆرێك کاریگەری هەبوو  تەنانەت دۆخی ئابووری گوندەکانی گەیاندە ئاســتی وێرانبوون، کە بووە سەرچاوەی سەرەکی توڕەیی جوتیارانی فەرەنسا. (Forrest, Alan:1989: 11)

لەلایەکی ترەوە شــکســتی هەوڵە چاکســازی خوازیەکان لە بواری ئابوریدا ڕویەکی تری ململانێ چینایەتییەکان بوو، لویســی شــانزەهەم لەهەوڵدابو بۆ ڕاســتکردنەوەی باری لاری ئابوری وڵات کە لە پێشــخۆیەوە بۆی بەجێ مابوو، بەڵام نیەتی باشــی پادشــا و مەبەســتی ڕاســتگۆیانە بەس نەبوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆئەوەی ئابوری وڵات ڕاستەڕێ بکەنەوە، هەرچەندە پاشا کۆمەڵێك هەنگاوی نا لەو بوارەدا وەك کەم کردنەوەی خەرجیەکان و هێنانی چەند وەزیرێکی بەتوانا بۆ ناو حکومەتەکەی، لەوانە: تورگۆ Turgot (1727 – 1781): تورگۆ لەوکاتەدا یەکێك بوو لە عەقڵە گەورەو ڕوناکبیرەکانی فەڕەنسا، پلانەکانی لەسەر دوو ئاست ختستەکار، یەکەم: یەکسانی لە چاکسازیدا بەو واتایەی چاکسازیەکانی دەبێ بە یەکسانی و بێ جیاوازی و جیاکاری هەموو تاکەکانی وڵات بگرێتەوە. دووەم: بنیاتنانەوەی ئابوری وڵات ئەویش بە (هەڵوەشاندنەوەی لێبوردنی گومرگی لە خانەدان و پیاوانی ئاینی، جێ بەجێ کردن و وەرگرتنی باجی یەکسان لە هاوڵاتیان، هەڵوەشاندنەوەی سەندیکا پیشەیەکان، سنوردارکردنی دەسەڵاتی کەنیسەو پیاوانی ئاینی، ئازادکردنی بارزگانی بەتایبەت بازرگانی دانەوێڵە لە نێوان هەرێمەکانی فەرەنسادا ...هتد (نجم، 2012: 286) دوای تورگۆ جاك نیکەر (1802 – 1732): کرا بە وەزیری دارایی، ، قەرزێکی زۆری بۆ دەوڵەت وەرگرت کە پێشتر قورسبوو کە قەرزدەر پەیدابکرێت، هەوڵیدا سیستەمێکی باش و گونجاوی لە بەرێوەبردنی دارایی و ژمێریاری و کۆکردنەوەی باج و وردبینیدا پیادەبکات و چاکسازی تەواوی سیستەمی باج، هەروەها کەمکردنەوەی خەرجیەکانی حکومەت و بۆ یەکەم جار ختنەرووی ڕاپۆرتێك لە بارەی بارودۆخی ئابوری وڵات بە ئەنجومەنی چینەکان، هەوڵیدا کە چاکسازیەکانی بە دەستوری بکات بەڵام هەوڵەکانی لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە دژایەتی کراو و لە کارەکەی دورخرایەوە.(Hunt, Jocelyn, 2005: 1) دوای نیکەر کەسایەتییەکی تر بەناوی کالون (1802 – 1734) بوو بە وەزیری دارایی، ئامانجی ئەو لەبەرنامە چاکسازیەکەی یەکسانی هاوڵاتیان بوو لە دانی باج بەبێ ڕەچاوکردنی پلەو پایەی کۆمەلایەتی، مەبەستی بوو بەربەستە گومرگیەکان لەنێوان هەرێمەکانی فەرەنسا هەلبگرێت بەمەبەستی زیادکردنی جوڵەی بازرگانی و بوژاندنەوەی ئابوری وڵات، کالون ویستی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی چینەکاندا باوەڕ بە هەردوو چینی خانەدان و پیاوانی ئاینی بهێنێ، کە ئەم چاکسازیانە لەبەرژەوەندی ئارامی کۆمەڵگادایە، بەڵام بێ سوود بوو، ئەو لە ڕاپۆرتەکەیدا بە وردی دەستنیشانی خراپی بارودۆخەکەی کردو ئۆباڵی خراپی بارودۆخەکەشی ختە ئەستۆی ئەو چینانەی کە زۆرترین دەستکەوت و کەمترین بەرپرسیاریەتی ئەم دۆخە لە ئەستۆ دەگرن. (نوار، نعنعي، بدون السنة الطبع: 27).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەك تێبینی دەکرێت بەهۆی بەرهەڵستی هەردوو چینی (خانەدان و پیاوانی ئاینی) کە دوو چینی گرنگی کۆمەڵگای فەرەنسی بوون و دەست هەڵنەگرتنیان لەدەسکەوت و مافە کەسیەکانیان، هەموو هەوڵە چاکسازیەکان شکستیان هێناو نەگەیشتنە ئامانج. ئەو بارودۆخ و هۆکارانەی باس کران سەرجەمیان بەسەریەکەوە واقیعێکیان دروست کرد، کە جێگای قبوڵ نەبوو، بۆیە خوازیارانی گۆڕانکاری ڕیشەیی دەبوو دەست بۆ خالە گرنگەکانی سیستەمی کۆن بەرن و لە ناوشیاندا دەسکاری کردنی شێوازی دەنگدانی ئەنجومەنی چینەکان و دواتر گۆڕینی بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی و ڕابەرایەتی کردنی گەل بۆ شۆڕش.

## باسی دووەم: قۆناغی ڕاگوزەر لە ئەنجومەنی چینەکانەوە بەرەو دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی

**تەوەری یەکەم**: ململانێ و ناکۆکی ناو ئەنجومەنی چینەکان وەك هۆکارێك بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نیشتمانی

دوای ئەو بارودۆخەی لە باسی یەکەم ئاماژەی پێکرا، بەتایبەت لە دۆخی ئابوری کە لەکۆتاییەکانی سەدەی (18) دا فەرەنسا بە دەست قەیرانێکی قوڵی ئابوریەوە دەیناڵاند، لە ساڵی (1786) قەرزە سودارەکانی فەرەنسا گەیشتە (600) ملێۆن فرەنك، لە ساڵی (1787) دوای مەترسی قەرزەکانی فەرەنسا و تێکچونی ڕەوشی ئابوری لویسی شانزدەی پادشای فەرەنسا داوای کۆبونەوەیەکی گەورەی کرد و بە ئامادەبونی زۆربەی خانەدان و فەرمانڕەوا باڵاکانی وڵات، داوای ئەوەی کرد کە باج بێجیاوازی بخرێتە سەر چینە جۆربەجۆرەکانی وڵات، بەڵام کەسە دیارەکانی ناو کۆبونەوەکە بەتایبەت خانەدانەکان، ڕەزامەندیان لەسەر بۆچونی پادشا دەرنەبڕی و داوای ئەوەیان کرد کە ئەو داواکارییە بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی چینەکان و لەگەڵیشیدا داوای گۆڕینی وەزیری دارایی (کاڵۆن) یان کرد، پادشا ڕازیبوو بەوەی کە کاڵۆن بگۆڕدرێت و (مەتران لومین دی بربین) جێگەی بگرێتەوە، وەزیری تازە دوای کۆمەڵێك چاکسازی ئەویش داوای وەرگرتنی قەرزی تازەی کرد، بەڵام ئەو داواکارییە لەلایەن دادگای باڵای پاریس ڕەتکرایەوە، داواکاری هاولاتیانی بەجۆرێك لە یاخیبون و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شۆڕش لێکدایەوە و لەکاردانەوەی ئەو کارانەدا هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی دادگا باڵاکانی فەڕەنسا، کە ئەو کارە بوبەهۆی دەربڕینی نارەزای خەڵك و خۆپیشـــاندانی جەماوەی لەشــــارەکاندا، هەر لەوکاتەشدا سەربازەکانی حکومەت یاخیبونی خۆیان لەسەرکوتکردنی جەماوەر ڕاگەیاند، ڕێکخەری جەماوەری لەشـارەکان داوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی چینەکانیان بۆ چارەسـەری کێشـەکان دەکرد، بەهۆی ئەو فشارانەوە لەساڵی (1788) پادشا وەزیری دارایی لاداو دوبارە نیکەری گەراندەوە بۆ ئەو کـارەو نیکەریش پێشـنیـاری ئەوەی کرد کە کۆبونەوەیەك بۆ ئەنجومەنی چینەکـان ڕێکبخرێـت، چارەسەری کێشەکانی وڵات بخرێنە بەردەم ئەو ئەنجومەنە[2](شاکر،2019: 656،655)، ئەنجومەنی چینـەکـان ئەنجومەنێکی گەورە بووە، تەنـانەت لە مێژووی ئەوروپـادا بە گەورەترین ئەنجومەن هەژمارکراوە، بۆچوونی جیاوازهەیە لەسـەر ژمارەی ئەندامەکانی ئەنجومەنی چینەکان لە سـەرەتای دامەزرانـدییەوە، وە ژمـارەی ئەنـدامەکـانی لە مـاوەیەك بۆ مـاوەیەکی تر زیـاد و کـەمی کردووە و گۆرانکاری بەسـەرداهاتووە، هەرلەبەرئەمەش ژمارەیان  بە جێگیری نەماوەتەوە،  بۆ نمونە لە سـاڵی (١٧٨٨) دا پاشـا پێشـنیاری ئەوەی کردووە کە ژمارەیان (١٠٠٠) کەسـببێت، بۆ چینی خانەدانەکان (٢٥٠) نوێنەر، بۆ چیینی پیـاوانی ئـایننی (٢٥٠) نوێنەر، وە (٥٠٠) ئەنـدامیش بۆ چینی گشـتی، بەڵام وەك دەبینی لە دواتردا ژمارەکە بۆ (١٢٠٠) کەس بەرزبۆتەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ژمارەیە بە نەگۆری نەماوەتەوە .(Tackett, T: 1996, 19,20).

لەناو ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا پادشـا بڕیاریدا کە بۆ (5 مایس 1789) کۆبونەوەیەك ڕێکبخەن بۆ ئەنجومەنی چینەکـان (سـێ چینەکە) کە لە لایەن هەموو نوێنەرانی نـاوچە جیـاجیـاکانی وڵاتەوە نوێنەرایەتی دەکرا و تاکە ئامانجی پادشا وەرگرتنی باج لە هەر سێ چینەکە بێجیاوازی و تێکپەڕاندنی ئەو دۆخە ئابوریە قورسـە بوو کە فەڕەنسـای گرتبۆوە، لەبەر ئەوەش زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی چینەکان لە خانەدان و پیاوانی ئاینی پێکدەهات، دوای ئەوەی کە خانەدانەکان ڕازینەبوون کە باج بدەن، هەستان بە دژایەتیکردنی ئەو هەڵوێستەی پادشـا، پادشـاش لە کاردانەوەی ئەو کارەدا بڕیاریدا هەڵبژاردن بکرێت و لە کۆی (1165) نوێنەری چینەکان، (578) ئەندام بۆ چینی گشـتی و (296)

[2] ئەنجومەنی چینەکان لە سێ چینی سەرەکی پێکدەهات (خانەدانەکان، پیاوانی ئاینی، چینی گشتی) لە ساڵی (1302) لەلایەن پادشا فلیپەوە دامەزرابوو دەنگدان تێیدا بە شـێوەی چین بوو، لە سـاڵی (1614) وە هیچ کۆبونەوەیەکی ئەنجام نەدابوو. بۆزانیاری زیاتر بروانە: (شاکر،2019: 655،656).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەندام بۆ چینی خانەدان و (291) ئەندام بۆ چینی پیاوانی ئاینی دابنرێت (نەقیب زادە،2008: 50). دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی چینەکان کۆتایی هات و بەپێی دابونەرینی کۆن نوێنەران گشت چین و توێژەکان لەناوچەکانی فەرەنسا بۆ ئەنجومەنی چینەکان هەڵبژێردران، بەهۆی ئەوەی لە ئەنجومەنی چینەکان بەشداری دەنگدان بە شێوەی گروپ بوو، دەنگدەران سکاڵایان دژی ئەو کارە بەرزکردەوە و بەکۆمەڵێك خاڵ چەند داواکارییەکیان پێشکەش بە پادشا کرد:

1-پاراستنی ئازادیە گشتیەکان و قەدەغە کردنی هەموو دەست درێژییەك تەنها لەڕێگەی یاساوە نەبێت

2-هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتە کۆنەکان و یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا

3-هیچ باجێك بەبێ ڕەزامەندی گەل نەسەپێنرێت، کە نوێنەری گەل ئەنجومەنی چینەکانە.

4-ئەرکی باجدان بۆ هەموو کەس وەك یەکبێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی چینایەتی.(نوار، نعنعی، 2014: 29،30).

داخوازی هاووڵاتیان هیچ داخوازییەکی تێدانەبوو دژ بە سیستەمی پادشایەتی یان گۆڕانکاری ڕیشەی لە سیستەمی سیاسی و ئابوری فەرەنسا، دڵسۆزی و خۆشەویستی هاوڵاتیان بۆ پادشا بۆ ئەوە بوو کە سیستەمی سیاسی فەرەنسا بگۆڕێت بۆ سیستەمی پادشایەتی پەرلەمانی، وەك پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو، لە (5) ئایاری 1789 یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی چینەکان بەسترا و لە دەستپێکی کۆبونەوەکەدا نیکەری وەزیری دارایی ڕاپۆرتێکی خوێندەوە و پێشنیارەکانی بۆ چاکسازی و کاروباری گەنجینەی وڵات خستەڕوو بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بە هەڵوێستی حکومەت دەربارەی داخوازیەکانی هاوڵاتیان بدات، هەرلەکۆبونەوەکەدا ئەندامانی چینی گشتی داوای ئەوەیانکرد شێوازی دەنگدان لە ئەنجومەنی چینەکان لە سەر بنەمای دەنگدانی تاکە کەسی بێت نەوەك بەشێوەی گروپ و چین، چونکە ژمارەی ئەندامانی چینی گشتی یەکسان بوو بە چینی پیاوانی ئاینی و خانەدانەکان، ئەوە جگە لەوەی بەشێك لە ئەندامانی هەر دوو چینەکە هاوسۆزیان هەبوو بۆ داواکاریەکانی چینی گشتی، بەڵام ئەو داواکاریە لەلایەن پادشا بە پاساوی دەستکارینەکردنی شێوازی

دەنگدانی نەریتی کۆنی ئەنجومەن ڕەتکرایەوە، ئەو کارە کاردانەوەی گەورەی لای ئەندامانی چینی گشتی لێکەوتەوە، دوای بێهیوابوونی ئەندامانی چینی گشتی و هاوڵاتیان لەوەی کە پادشا و حکومەت گوێ بەداواکاری ئەوان نادات دەنگدان بە شێوەی چینایەتی هیچ لە بارودۆخی وڵات ناگۆڕێت، ئەندامانی چینی گشتی بیریان لەوە کردەوە کە بیر لە ڕێگە چارەیەکی تربکەنەوە بۆ چارەسەری کێشەکانی وڵات، لەسەر پێشنیاری قەشە سیساس (836-1748) کە کەسێکی ڕۆشبیر و کراوەبوو و پێگەیەکی تایبەتی لای هەردوو چینی گشتی و پیاوانی ئاینی هەبوو، پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئەندامانی چینی گشتی بەتەنها کۆبونەوەیەك ڕێکبخەن و ناوی ئەنجومەنی چینەکان بگۆڕن بە ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسا، بەو شێوەیە ئەندامانی چینی گشتی لە (17 حوزەیرانی 1789) لە دانیشتنێکی نائاسایی بەبەشداری تەنهای ئەندامانی چینی گشتی ناوی ئەنجومەنی چینەکانیان گۆڕی بە ئەنجومەنی نیشتیمانی فەرەنسا، بە ئامانجی ئەوەی ئەو ئەنجومەنە نوێنەرایەتی هەموو گەلی فەرەنسا بکات (نوار، نعنعی، 2014: 32،31).

سەرەرای ئەو گرفت و کێشە ئابوریانەی کە لەو سەردەمەدا وڵاتی فەرەنسای گرتبۆوە و ببوو بە هەرەشەیەکی گەورە بۆ سەر شێوازی ژیان و بژێوی هاوڵاتیان و کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم ئیدارەدان و حوکمڕانیکردنی وڵات، لایەنی کۆمەڵایەتی و سیستەمی چینایەتی کۆمەڵگەی فەرەنسی دیوێکی تری ڕاستەقینەی کێشە ئابوری و سیاسیە گەورەکانی تری وڵاتی فەرەنسا بوو، کە دەکرێت وەك چەقی ململانێکان و گۆڕانکارییەکان و سەرچاوەی سەرەکی ئاڕاستەکردنی ڕوداوەکان سەیر بکرێت و دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانیش بەشێك بێت لەو پرۆسەیە.

**تەوەری دووەم: ئەنجومەنی نیشتیمانی و گرفتەکانی بەردەمی**

دوای ڕاگەیاندن و دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی، پادشا لای خۆیەوە درکی بەوەکرد کە پێشنیاری زیندوکردنەوەی ئەنجومەنی چینەکان و هانابردن بۆ چارەسەری کێشەکانی وڵات لە ڕێگەی ئەوانەوە هەڵەیەکی سیاسی گەورەبووە و بەسەریدا تێپەڕیووە بەڵام تازەکارلەکارترازاوە و پەشیمانبوونەوە هیچ لە چارەسەری کێشەکان ناگۆڕێت و ڕەنگە دۆخەکە ئەوەندەی تر ئاڵۆزبکات(البدری، 2016: 43).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە (20 حوزەیرانی 1789) کاتێك ئەندامانی ئەنجومەنی تازە دامەزراو ویســتیان کۆبونەوەی ئاســایی خۆیان ئەنجامبدەن، هۆڵی کۆبونەوەکانیان بەڕودا داخراو و ســەرباز لەبەردەم هۆڵەکاندا دانرابوون (MacPhee, Peter, 2013, p 82) بەناچاری کۆبونەوەکەیان لە یاریگای تێنسـی نزیك کۆشــکی ڤێرســا ئەنجامدا وســوێندیان بۆ یەکتر خوارد تا ئەو کاتەی دەســتورێکی نوێ بۆ وڵات دانەنرێت و مافی هاوڵاتیانی فەرەنســی تێدا پاریزراونەبێت کۆبونەوەکانیان بەردەوامی دەبێت (Israel,Jonthan,2014: 55). دوای ئەو کارانە لویســی شــانزەهەم پادشــای فەرەنسا داوای لە نوێنەری ســەرجەم چینەکـان کرد کە لە (23 حوزەیران 1789) لە کۆشــکی ڤێرســای ئـامـادەی کۆبونەوەبن، لە کۆبونەوەکەدا پادشــا ئاماژەی بە ئەوەکرد کە مامەڵەی لەگەل جیاوازی چینەکان وەك پێکهاتەی پێشــوو دەبێت و بەهیچ جۆرێك ئامادە نییە ددان بنێت بە ئەنجومەنی نیشــتیمانی تازە دامەزراو. دوای دەرکردنی ئەو بڕیارە، دانیشــتەنەکان بەوە کۆتایان هات کە ڕۆژی دواتر هەر یەك لە سـێ چینە سـەرەکیەکە بەمەبەسـتی چاکسـازی دارایی بە جیا کۆبوونەوەکانیان ئەنجام بدەن، دوای جێهێشـتی هۆڵەکە لەلایەن پادشـاوە هەریەك لە چینی خانەدان و بەشـێك لە پیاوانی ئاینی ئەوانیش چونە دەرەوە بەڵام چینی سـێیەم و بەشـێك لەو پیاوە ئاینیانەی کە مەیلیان بەلای چینی گشـتیدابوو لە هۆڵەکاندا مانەوە تا ئەو کاتەی بەڕێوبەری تەشــریفاتی کۆشــك بە (بایی) ســەرۆکی ئەنجومەنی نیشـتمانی گوت:(گەورەم تۆ گوێبیسـتی فەرمایشـتەکانی پادشـا بویت، پیویسـتە شـوێنەکەت چۆڵ بکەیت) دوای بیســتنی ئەو ووتانە، میرابۆرا (1749-1791) کە وتاربێژ و یەکێك بوو لە ســەرکردە دیارەکانی چینی گشتی پێی ڕاگەیاندن :(ئێمە بە ئیرادەی گەل لێرەین و لەسەر نوکی شمشێر نەبێت ناچینە دەرەوە).(نوار، نعنعی، 2014: 33،32).

بەو شـێوەیە نوێنەرانی چینی سـێیەم یاخیبونیان دژی پادشـا ڕاگەیاندو گەیشـتنە ئەوئەنجامەی کە گفتوگۆ و کۆبونەوەکان لەگەڵیدا هیچ ســودی نەماوە، درێژەیان بە کارو چالاکییەکانی خۆیاندا و ڕایانگەیاند ئەندامانی ئەنجومەن حەســانەی تایبەت بەخۆیان هەیە و هەر کەســێك پەلاماریان بدات بەگەورەترین تاوان بۆی هەژمار دەکرێت، دوای بیسـتنی ئەو هەواڵانە پادشـا ویسـتی بەتوندوتیژی و بەزەبری هێز کۆتایی بەو یاخیبونانە بهێنێت و فەرمانی بە پاســەوانانی کۆشــك کرد کە بەزەبری هێز نوێنەرانی چینی ســێیەم بڵاوەپێبکەن، بەڵام نوێنەرانی چینی خانەدانەکان کە بۆچونیان نزیکبوو لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆچونەکانی چینی سـێیەم یاخبونیان ڕاگەیاند بەتایبەت لاڤاییت(1757-1834) کە یەکێك بوو لە سـەرکردە گەورەکانی سـوپای فەرەنسـا و وەك پاڵەوانی جەنگی سـەربەخۆی ئەمەریکا سـەیر دەکرا، لەگەڵ ئاڵۆزبونی دۆخەکە پادشا لە بریارەکەی پاشگەزبۆوە و ڕایگەیاند بەهۆی هەستیاری دۆخەکە و لە پێناو ئاڵۆزنەبونی کێشـەکان با نوێنەرانی چینی گشـتی بەردەوامبن لە کۆبونەوەکانیان، هەر دوای ئەو ڕوداوە بەشێك لە پیاوانی ئاینی کە زانیان پادشا هێز و دەسەڵاتی جارانی نەماوە پەیوەندیانکرد بە نوێنەرانی چینی سـێیەمەوە، لە (25 حوزەیرانی 1789) دا (47) کەس لە نوێنەرانی چینی خانەدانەکان بە سـەرکردایەتی دۆق (ئۆرلیان) کەکوڕی مامی پادشـا بوو، پەیوەندیان بە ئەنجومەنی نیشـتیمانیەوەکرد دوای ئەو یاخیبوونە و گەورەبونی ناڕەزایەتییەکان بۆ بەرگرتن لە تێکچونی دۆخی وڵات پادشا ددانی نا بە ئەنجومەنی نیشتیمانی و فەرمانی بە هەردوو چینی خانەدان و پیاوانی ئاینی کرد بچنە نـاو ئەنجومەنی نیشـــتمـانی، کە زۆرێـك لە خـانەدانەکـان لەســـەروی هەمویـانەوە دۆق (لۆکســـمبۆرگ) کە ســـەرۆکی چینی خانەدانەکان بوو ناڕەزایی زۆری دەربڕی دژی ئەو کارە، بەڵام لەکۆتایدا ملکەچ بەفەرمانی پادشـــا بوو، بەو شـێوەیە دوو جۆر لە ســـەروەری لەوڵاتدا دروســـتبوو سەروەری پادشا و سەروەری ئەنجومەنی نیشتمانی، و دەسەڵاتی پادشا خرایە ژێرچاودێری گەلەوە، هەر دوای ئەو کارانە لیژنەیەك لە لایەن ئەنجومەنی نیشـتیمانییەوە بۆ دانان و نوسـینەوەی دەسـتور بەناوی (کۆمەڵەی نەتەوەیی دەسـتوری) پێکهات، کە لە دوو نوێنەری چینی خانەدان و دوو نوێنەری چینی پیاوانی ئایینی و چوار نوێنەری چینی گشتی پێکهاتبوون، ئەگەرچی بەهۆی خۆنیشاندانەکانی پـاریســـەوە لە (١٤)ی تەموزدا هەڵبژاردنی ئەنـدامەکـانی نەخرایە دەنگدانەوە، بەڵام ئەمەش ئەو راسـتیەی دەرخسـت کە بۆچوونی چینی گشـتی سـەرکەوت بەسـەربۆچونی پاشـادا، (McPhee, Peter, 2013: 82)، کە پادشـــا و زۆرێك لە خانەدانەکان دژی ئەو کارەبوون، دوابەدوای ئەو کارە پادشـــا کە بەتەواوەتی لە ژێرکاریگەری خانەدانەکانـدا بوو، بیری لەوەکردەوە بۆ ڕێگری کردن لە مەترسـیەکان باشـترین بژاردە بەکارهێنانی سـەرباز و سـوپایە و بەو شـێوەیە بڕوات چیتر ناتوانێت مومارسەی دەسەڵاتەکانی خۆی بکات، لە (27 ی حوزەیرانی 1789) دا (20) هەزار سەربازی هێنایە ناوپاریس و پلانی ئەوەی هەبوو کە لە کۆشـــکی ڤێرســـاوە کۆتایی بەمەترســـیەکانی ئەنجومەنی نیشـــتمانی بهێنێت(کۆمەڵێك نوســـەر، 2009: 374-376). هەر لەو کاتەدا و لەســـەر خواســـتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خانەدانەکان و وەك دژایەتییەك ئەنجومەنی نیشتمانی پادشا بڕیاریدا وەزیری دارایی نێکەر دوربخاتەوە کە کەسێکی پرۆتستانی و چالاك و ڕیفۆڕمخوازبوو، دواتریش سەربازگەیەکی گەورەی لەژێرسەرپەرشتی (برگلی) کەسەرکردەیەکی بەئەزمون و بەناوبانگ بوو لە نزیك کۆشکی ڤێرسای دامەزراند(فیشر،1993: 12-11).

ڕوداو و کاردانەوەکان خێرا تێدەپەڕین، لە (7 ی تەموز 1789) کۆمەڵەی نیشتمانی کۆبونەوەیەکی ئەنجامدا و بڕیاریدا کە دەستورێکی نوێ دابڕێژرێت و بە شێوەیەك بێت کە دەسەڵاتی پادشا سنوردار و کەم بکاتەوە و دواتر لە (9 ی تەموزی 1789) ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی ناوی ئەنجومەنەکەیان گۆڕی بە ئەنجومەنی دامەزراندن و بۆ ڕۆژی (11 ی تەموزی 1789) چەند کارێکی تریان ئەنجامدا، کەکارەکانیان تا ئەوکات زیاتر پەیامی ئاشتیان هەڵگرتبوو دژبوون بەهەموو کارێك کە خوێن ڕێژی لێبکەوێتەوە، بەڵام ئەنجامدانی ئەو کارانە پێچەوانەی تەواوی خواستی پادشا و خانەدانەکان بوو، بەو شێوەیە ململانێکان پێیان نایە قۆناغێکی ترەوە و بەریەکەوتنی نێوان پادشا و لایەنگرانی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزراندن گەیشت بە قۆناغێکی یەکلاکەرە و مەترسیدار و چالاکوانانی چینی ناوەڕاست باش لەوە تێگەیشتن کە پادشا وا بەئاسانی دەستبەرداری ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە نابێت کە پێشتر هەیبووە و قبوڵکردنی ئەو دۆخە تازەی کە هاتۆتە ئاراوە بۆ پادشا زۆر قورس و ئەستەمە، دوای ئەو تەنگ و چەڵەمە سیاسیەی کە بەرۆکی پادشای گرتبوو، پادشا بۆ چارەسەری کیشەکانی کەوتە ژێر کاریگەری ماری ئەنتوانیتی خێزانی کە کەسێکی کەم ئەزموون و نەشارەزابوو، پێشتریش پادشا نیکەری وەزیری دارایی لادابوو کەسێکی نزیك لە شاژنی بە ناوی (دیبروتویBaron de Breteuil ) کردبۆ وەزیر، جارێکی تر و لەسەر خواستی شاژن وەزیری جەنگی لادا و کەسایەتیەکی بەناوی (Marshal de Broglie) کردە وەزیری جەنگ، کە ئەو دوو کەسە بە دوو کەسایەتی سەخت و توندڕەو دەناسران دژ بە ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزراندن و نوێنەرانی چینی گشتی(Doyle, William,2002: 108)، دوای ئەو کارانە خانەدان و دەرەبەگەکان و ماری ئەنتوانیت و کۆنت ئارتوای برای پادشا، کەوتنە جموجۆڵ و چالاکی سیاسی و هەموو هەوڵەکانیان لەوادا چڕکردەوە کە قەناعەت بە پادشا بکەن بەزەبری هێز و سەرباز کۆتایی بەهەموو ئەو گۆڕانکاری و چاکسازیانە بهێنێت کە ئەنجومەنی نیشتمانی دژ بە دەسەڵاتەکانی پادشا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجامیداوە، دوای ئەوەی پادشا ڕازیبوو بە بۆچونەکانی ئەوان، لەلایەن پیاوانی کۆشکەوە پێشنیاری ئەوەکرا کە ئەو سوپای پادشا هێناویەتی بۆ پاریس جێگەی متمانە نییە و لەهەر حاڵەتێکی نەخوازراودا ئەگەری ئەوەی لێدەکریت بچنە بەرەی گەلەوە بۆیە پادشا بڕیاریدا بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ و دەسەڵاتەکانی و ڕووبەڕووبونەوەی ئەنجومەنی دامەزراندن پشت بە سوپای بەکرێگیراوی ئەڵمانی و سویسری کە ژمارەیان (40) هەزار سەرباز دەبوو ببەستێت، دوای ئەو کارانەی پادشا لەسەر پێشنیازی میرابۆرا وەفدێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی پێکێنرا و چوون بۆ سەردانی کردنی پادشا، وەفدەکە بە پادشایان ڕاگەیاند ئەو کارانەی ئەنجامتداوە پێچەوانەی خواست و دەستکەوتەکانی گەلی فەڕەنسایە و جۆرێکە لە کودەتا، بەڵام پادشا زۆر بەتوندی وەڵامی دانەوە و ئاماژەی بەوەکرد کە پادشا دەسەڵاتی باڵای هەیە و ئەو سوپای کە هێناویەتی تەنها بەمەبەستی پاراستنی هێمنی و ئاسایشە و داواشی لە ئەندامانی ئەنجومەن کرد گەر لەو سوپایە دەترسن دەتوان لە پاریس بچنە دەرەوە، لەکاتێکدا ئەو وەفدەی سەردانی پادشایان کرد ملکەچی تەواویان بۆ سیستەمی پادشایەتی دەستوری هەبوو داوای دامەزراندنی حکومەتێکی هاوشێوەی سیستەمی ئینگلتەرایان دەکرد (هەینی، 2013: 210-208).

وەك ئاشکرایە دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی بەخاڵی وەرچەرخان دادەنریت لە مێژووی نوێی فەڕەنسا و تەنانەت ئەوروپاش، دەستپێکەکانی ئەو ئەنجومەنە وەك هەر ڕوداویکی تری سیاسی بەچەندین بەرزی و نزمی و تەنگوچەڵەمەی سیاسیدا تێپەڕبووە، بە ئیرادەی ودڵسۆزی ئەندامانی ئەنجومەن و کەم ئەزمونی پادشا لە ڕوبەڕوبونەوەی کێشەکانی بەردەمی هۆکاری سەرەکی بووە بۆ بەهێزبون و مانەوە و درێژەپیدانی ئەنجومەنی نیشتیمانی بەکارەکانی و هێواش هێواش خۆسەپاندنی وەك دامەزراوەیەکی گەورە و کاریگەری حوکمڕانی سیاسی لە فەڕەنسا و بچوکردنەوەی پادشا و سیستەمی پادشایەتی و دواتر لەناوبردنی ئەو سیستەمە.

**باسی سێیەم: ئەنجومەنی نیشتیمانی و کاریگەریەکانی**

**تەوەری یەکەم: ئەنجومەنی نیشتیمانی و سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسی (1789)**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە (12 تەموزی 1789) لە گۆڕەپانی (پال ڕۆیاڵ Palais Royal )ی پاریس نزیک باخچەی تۆلێری خەڵك دەستیان کرد بە گردبوونەوە و خۆپیشاندان بە ئامادەبونی وتاربێژ ( Camill Desmoullns کامی دیمۆلان) کە بەوتارە حەماسیەکانی هانی خەڵکی دەدا دواتر قەبارەی خۆپیشاندانەکان فراوانتر بوو و ڕوبەڕووبونەوە لە نێوان سەربازانی سەربە پادشا و جەماوەر ڕویدا ، بۆ ڕۆژی (13 ی تەموزی 1789) خۆپیشاندان و بەریەکەوتنەکان توندتر بوون و خۆپیشاندەران بەدوای چەکدا دەگەڕان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، بۆ(14 تەموز) نارەزایەکان بەردەوامیان هەبوو، خۆپیشاندەران توانیان دەستبگرن بەسەر قەڵای باستل (Bastide) و کۆتایی بەو گەمارۆدان و دەستبەسەریەی پادشا بهێنن کە خستبوویە سەر ئەنجومەنی نیشتمانی، لەژێر فشاری خۆپیشاندەران و بەئامۆژگاری بەشێك لە خانەدانەکان پادشا ناچار بەوە بکەن کە پاشەکشە بەسەربازەکانی بکات بۆ ناو کۆشك، دوای ئەو سەرکەوتنانە خۆپیشاندەران پەلاماری باڵەخانەی شارەوانی پاریسیان داو دوای دەستبەسەرداگرتنی ئەنجومەنی شۆڕش بڕیاریدا ناوەکەی بگۆڕێت بە کۆمۆنەی پاریس (Commune de Paris) و بالی (Bailly) بکەن بە سەرۆکی ئەو کۆمۆنەیە و لافایت (Lafayette) ی سەرکردەی میلیشیای چەکداری بەسەرۆکی پاسەوانی نیشتیمانی، بۆ (16 تەموز) لە ژێر فشاری بەردەوامی خۆپیشاندەران پادشا ناچار بەوەکرا کە دووبارە نیکەر وەزیری پێشوی دارایی بگەڕێنێتەوە سەر کارەکەی لەگەڵ دداننان بە ئاڵای سور و سپی و شینی ڕەمزی شۆڕشگێڕان. دوای ئەو سەرکەوتنە گەورانەی شۆڕگێڕان بە دەستیان هێنا، بەشێك لە چینی خانەدان و دەسەڵاتداران پیانوابوو ئەو ڕوداوانە هەرەس هێنانی سیستەمی پادشایەتییە لە فەڕەنسا، لە (17 تەموز) کۆنت دارتوای برای پادشا بەهاوەڵی سەدان و هەزاران کەس لە خانەدان و بنەماڵەی پادشایەتی کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی فەڕەنسا بەرەو وڵاتی لۆکسەمبۆرگ و سویسرا (عوض،1991: 58،57).

نەرمی نوادنەکانی سیستەمی پادشایەتی بەس نەبوو بۆ ڕازیکردنی شۆڕشگێڕان، لە (4 ئابی 1789) دا ئەنجومەنی دامەزراندن لە کۆبونەوەیەکی تایبەتدا کۆمەڵێك بڕیاری گرنگی دا، دەستپێکی کۆبونەوەکەش بە ووتاری ( فیکۆنت دی نوای) کە خۆی پێشتر یەکێکبوو لە سەرکردە بەناوبانگەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خانەدانەکان دەستی پێکرد کە پێشنیازی ئەوەی کرد لەو کۆبونەوەیەدا هەرچی ماف و ئیمتیازاتی خانەدانەکانە پوچەڵبکرێتەوە، گرنگترین بڕیارەکانی (4) ی ئاب بریتبون لە:

1-پوچەڵکردنەوەی سەرجەم ئەو چیاووگ و مافە دادوەریانەی کە خانەدانەکان هەیانبوو

2-پوچەڵکردنەوەی هەموو کارێکی زۆرەملێ و باجی سەر ئاش و نانەواخانەکان

3-پوچەڵکردنەوەی هەموو ئەو چیاووگانەی لە هەرێم و یەکە ئیداریەکاندا هەبوو (Israel, Jonathan, 2014:56)

4-پوچەڵکردنەوەی مافی دەیەکی کڵێسا

5-ڕاگەیاندنی بەرجستەکردنی یەکسانی تەواو لە نێوان هاونیشتیمانیان لەکاتی دامەزراندنی کاری وەزیفیدا (هریدی، 2003: 51-52).

بەشێکی گرنگی بڕیارەکانی (4 ئاب 1789) بڕیتی بوو لە سڕینەوە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی(جیاوك) کە هەر لە کۆنەوە خانەدان و دەرەبەگەکان هەیانبوو، لەوانە باجی (زەوی و ڕاوکردن و بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندە) هەروەها کۆیلایەتی هەڵوەشێنرایەوە، دوبارە ڕێکخستن لەو یەکە کارگێڕیانەداکرایەوە کە لەکۆنەوە دەرەبەگەکان دایانڕشتبوو، دروشمی یەکسانی و نەمانی جیاوازی بەرزکرایەوە و ڕایانگەیاند هەموو تاکێك بێجیاوازی یەکسانە لەبەرامبەر یاسا و دادگادا. دەربارەی دەسەڵاتی کڵێسە و پیاوانی ئاینی، باجی دەیەکی کڵێسا لادرا و هەموو موڵکی کڵێسا کەوتە دەست حکومەتەوە و بۆنە ئاینیەکانیان سنوردار کرد و قەشە کۆنەکانیان لادا و قەشەی نوێیان دانا و هەڵبژاردنی ئەو کارەشیان دایە دەست ئیرادەی خەڵکەوە و هەموو پیاوانی ئاینی کران بە مووچە خۆری دەوڵەت، ئەو کارانە بون بەهۆی توڕەبونی پاپا و پیاوانی ئاینی و ئەو سیستەمە کۆنە ئاینیەی کە جاران پەیڕەودەکرا (برون، 2006: 366-369).

هەردوای ئەو بڕیارە گرنگ و بوێرانەی ئەنجومەنی دامەزراندن دای، ئەندامانی ئەنجومەن ڕایانگەیاند کە لەمەودوا ئەنجومەن کار بۆ نوسینەوەی دەستوری بنەڕەتی فەرەنسی دەکات و لە (26 ی ئابی 1789) دا ئەنجومەنی دامەزراندن جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤیان ڕاگەیاند کە یەکێك لە هەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاڵە بنچینەیەکانی ئەو جارنامەیە ئەوە بوو مرۆڤەکان بە ئازادی و یەکسانی لە دایك دەبن و لە ئەرك و مافدا یەکسانن، جگە لەو بابەتە لە جاڕنامەکەدا هەموو ئەو ئیمتیازات و تایبەتمەندیانەی دەرەبەگ و خانەدانەکان هەیان بوو هەڵوەشێنرانەوە، (Fremont-Barnes, Gregory,2006: 260 and 261) بە تێڕوانینێکی بۆرجوازیانە و بە پیرۆز سەیرکردنی خاوەنداریەتی تایبەت، کۆمەڵگای فەڕەنسی بەرەو کۆمەڵگایەکی نوێ هەنگاوی ناو و زۆرێك لە بنەماکانی کۆمەڵگایەکی بۆرجواز و سەرمایەدار لە جارنامەکەدا چەسپێندران، کە ئەو کارانە رێگە خۆشکەربوون بۆ دووبارە دروستبونەوەی کۆمەڵگەیەکی چینایەتی لە سەرمایەدار و کریکار(ئەمینۆف، گالکین، 2013: 81). ئەو جارنامەیە لە کۆمەڵێك خاڵ و بنەما پێك دەهات کە گرینگترینیان بریتبوو لە:

1-مرۆڤەکان بێ جیاوازی ئازادن و لە ماف و ئەرکدا یەکسانن.

2-ئەرکی حکومەت پاراستنی مافی سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگایە.

3-تا ئەوکاتەی لەلایەن یاساوە تاوانی کەسێك ئیسپات دەبێت، نابێت هیچ کەس تاوانبار و زیندانی بکرێت.

4-مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە کە بەشداری لەکاری حکومەت و دانانی یاسا و باج وەرگرتن بکات

5- بیروبۆچونە تایبەتەکان رێگەپێدراون بەڵام نابێت ببێتە هۆی شێواندنی سیستەم و یاسا.

6- مافی خاوەنداریەتی پیرۆزە و نابێت کەس خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەو مافەدا، بەبێ قەرەبوکردنەوە نابێت موڵك و ماڵی هیچ کەسێك دەستی بەسەردابگیرێت

7- ئازادی بیرو و ڕادەربڕین یەکێکە لە مافە گرنگەکانی مرۆڤ، تا ئەو شوێنەی کە بەریەکەوتنی نەبێت لەگەڵ یاسا، هەموو مرۆڤەکان ئازادن کە چۆن تەعبیر لە بۆچونەکانی خۆیان دەکەن (الادهمی، 1789: 143).

دوای ئەوەی لە (4 و 26 ئابی 1789) دا ئەنجومەنی دامەزراندن کۆمەڵێك بڕیاری گرنگی دەرکرد، کە ئەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان دەستگرتن بوو بەسەر کۆی سیستەمی سیاسی و ئیداری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وڵات و بەرتەسکردنەوەی دەسەڵاتی پادشا و خانەدان و پیاوانی ئاینی وڵات کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە خانەدان و دەوڵەمەندەکان کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی وڵات لەناو تەنگ و چەڵەمەیەکی قوڵی سیاسیدا کە هیچ کام لە شۆڕش گێران و پادشا هیچ متمانەیەکیان لایەکتر نەبوو لە کۆتای مانگی (ئەیلولی 1789) پادشا بەتەواوەتی بریارەکانی مانگی ئابی ڕەتکردەوە، لە (1 تشرینی یەکەم 1789) لویسی شانزدە بە ئامادەبونی پاسەوانی پادشایی و بەشێك لە ئەفەسەرە باڵاکان و تیپی سەربازی فلاندیز لە کۆشکی ڤێرسای ئاهەنگێکی گەورەی سازدا و بەشێك لە ئامادەبوان ئاڵای تازەی وڵات و ڕەمزی شۆڕشگێرانیان خستە ژێر پێیەکانیان، بۆ ڕۆژانی دواتر کۆمەڵێك خۆپیشاندانی گەورەی ئافرەتان و پیاوان پاریسی گرتەوە و ترسێکی گەورەی خستە ناو ئەنجومەنی دامەزراندنەوە بەڵام هەر زوو لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕش و لاڤایتی سەرکردەی پاسەوانی گشتی سەرکوتکران، لەلایەك فشاری خەڵك و لەلایەکی تر مانۆڕەکانی پادشا ترسی گەورەی خستە نا سەرکردەکانی شۆڕشەوە و دوای ئەو بارودۆخەدا و بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندنی ئاڵۆزی وڵات ئەنجومەنی دامەزراندن بڕیاریدا بە گواستنەوەی پادشا و خانەوادەکەی بۆ ناو پاریس بەو شێوەیە لە (6 ی تشرینی یەکەم 1789) لەلایەن ئەنجومەنی دامەزراندن و دوای ڕازیبونی پادشا، لە ژێر سەرپەرشتی پاسەوانی نیشتمانی و ئاڵای سپی و سور و شینی شۆڕش پادشا و خانەوادەکەی لە کۆشکی ڤێرسایەوە گواسترانەوە بۆ کۆشکی تۆلێری پاریس، بەو شێوەیە پادشای فەڕەنسا ژیانی وەك بارمتەیەکی سیاسی لێدێت تەنها وەك ڕەمزێك بونی دەمێنێت و حوکمی سیاسی فەڕەنسا بەتەواوەتی دەکەوێتە دەست ئەنجومەنی دامەزراندن (سویل، 1989: 136-140).

دوای ئەو کارانەی کە بەرامبەر پادشا کرا لە مانگی (تشرینی یەکەمی 1789) دا، لویسی شانزە لە کارێکی نهێنیدا نامەیەك ئاراستەی پادشای ئیسپانیا دەکات لە نامەکە ئاماژە بەئەوە دەکات کە ئەو ئێستا بەتەواوەتی لەژێر هەیمەنەی شۆڕشدایە، ساڵی (1790) بەساڵی باڵادەستی خانەدانانی لیبراڵ ناسرا و لەکۆی ئەو (54) کەسەی کە بوون بەئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندن (33) دانەیان لە چینی خانەوادە لیبرالەکان بوون لاڤایت کە یەکێك بوو لەکەسایەتییە بەناوبانگەکانی چینی خانەدانەکان، بەرەزامەندی کۆیی گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی وەك پاسەوانی نیشتیمانی مایەوە و وەك پادشای فەڕەنسا مومارەسەی دەسەڵاتەکانی دەکرد، لە (14 تەموزی 1790) کۆمەڵگای فەڕەنسی، بانگەشەی

فەرەنسایەکی تازەیان دەکرد، کە ئازادی و یەکسانی تێدا بەرجەستەبێت، لەڕووی ئازادی کەسیەوە دانیان بە مافی سیاسی بۆ پڕۆتستانت و دابینکردنی ئازادی بۆ کەمینەی یەهودییەکان، لەڕووی ئیدارییەوە دەسەڵاتی زیاتریان بەخشی بە سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوبەری شارەدێیەکان و ئەنجومەنی یەکە ئیداریەکان و دانانیان بە شێوەی هەڵبژاردن، لەڕووی سیستەمی دادوەریەوە کۆمەڵێك دابەشکاری و ڕێکخستنی بنەڕەتیان ئەنجامدا هەروەها جارێکی تر سوپایان ڕێکخستەوە و سوپایەکی تازەیان پێکهێنا لەگەڵ گۆڕینی جل و بەرگی ڕەنگی سەربازی هاوشێوەی سوپای پادشایەتی کۆن و کۆی گشتی چاکسازیەکانی ئەنجومەنی دامەزراندن لە ژێر هەیمەنەی فکرەی بۆرجوازیدابوون، دوای کارە ڕادیکاڵیەکانی سەرکردەکانی شۆڕش و دوای بێ ئومێدبونی پادشا لەوەی کە ناتوانێت وەك جاران حوکم بکات لە (مانگی حوزەیرانی 1791) بڕیاری جێهێشتنی وڵات دەدات دوای ئامادەکاریەکی زۆر لەلایەن کەسە متمانە پێکراوەکانی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە (21 ی حوزەیران) دەگاتە ناوچەی (ڤارین) بەڵام لە کاتی دەرچونیدا ئاشکرا دەبێت و بەزەبری هێز دەهێنرێتەوە پاریس(فوریە، ریشە، 1993: 150-158، 188-192).

لویسی شانزدە بەر لەڕۆیشتنی نامەیەکی لە کۆشکی تۆلێری بەجێ دەیڵێت کە لەنامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە ڕێگەی بەلجیکاوە پەیوەندی بەنەمساوە دەکات و تا هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی دامەزراندن و ئەو ئاڵوگۆڕیانەی کە کراون هەڵنەوەشێنەوە نا گەڕێتەوە فەرەنسا، دوای ئەو ڕوداوە لەناو پاریس خەڵك دەستی کرد بە خۆپیشاندان و داوای ئەوەیان دەکرد کە سیستەمی پادشایەتی بڕوخێت و کۆماری فەرەنسا دابمەزرێت، بەڵام لە ڕێگەی لاڤایتی سەرۆکی پاسەوانی نیشتیمانی و بالی پارێزگاری پاریس سەرکوتی خۆپیشاندەران کرا و جارێکی تر پادشا بە شێوەیەکی سنوردار و جۆرێك لە دەسەڵاتدارێکی دەستبەسەرکرا و گەڕایەوە سەر کارەکەی بەڵام بەهۆی ئەو کارەوە ناکۆکی قوڵ لە نیوان جەماوەر و سەرکردەکانی شۆڕشدا دروست بوو، هەر لەو ساتەوەختەدا (لیۆپۆلدی دووەم) ئیمپراتۆریەتی نەمسا برای ماری ئەنتوانێتی خێزانی پادشای فەرەنسا و (فریدریك ولیەم) پادشا بروسیا لە (21 ئابی 1791) بەیاننامەی (پیلنتز Pillnitz) یان ڕاگەیاند، کە لە بەینامەکەدا بەرونی ئاماژەیان بەوەکرد، گەر پادشای فەرەنسا داوای هاوکاریبکات سوپای نەمسا و بروسیا ئامادەن کۆتایی بەو ئاژاوە سیاسییە بهێنن کە لە فەرەنسا سەریهەڵداوە، کە ئەو هەڕەشانە ئەوەندەی تر بوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهۆی یەکڕیزی جەماوەر و سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسا کە خۆیان ساز و ئامادە بکەن بۆ هەر مەترسی و ڕووبەڕوبونەوەیەکی دەرەکی کە هەڕەشە لە یەکێتی فەرەنسا بکات. دوای هەڕەشەکانی وڵاتانی ئەوروپا ئەنجومەنی دامەزراندن بڕیاریدا کار بۆ نوسینەوەی دەستور بکات کە هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسیەوە بەرنامەیان بۆ دادەنا و لە دەرفەتێك دەگەران بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە، تاوەکو (3 ئەیلولی 1791) توانیان دەستور بۆ وڵاتی فەرەنسا دابنێن و لە (14 ی ئەیلولی 1791) لویسی شانزدەی پادشای فەرەنسا ناچار بە قبوڵکردن و سوێند خواردن بکەن و فەرەنسا بکەن بە وڵاتێکی پادشایەتی دەستوری و کە ئەو دەستورە دواتر بە دەستوری ساڵی (1791) ناسرا، لە (30 ئەیلولی 1791) دوای جێگیرکردنی دەستور بۆ وڵات ئەنجومەنی نیشتمانی دەسەڵاتەکانی خۆی هەڵوەشاندەوە و دەسەڵاتی حکومەتی بەخشی بە ئیدارەی تازە بەناوی ئەنجومەنی یاسا دانان.(Stone, Bailey, 2004: 111)

لەماوەی (14 تەموزی 1789) تاوەکو ساڵی (1791) ئەنجومەنی نیشتیمانی و دامەزراندن کۆمەڵێك بڕیاری گرنگ و یاسای گونجاویان دەکرد بە شێوەیەك کە شۆڕشگێڕان لەو ماوەیە توانیان بە شێکی گرنگی کارەکان بەشێوەی یاسایی ڕاپەڕێنن(کریم، 2019: 180)، بەو شێوەیە شۆرش فەرەنسی لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا توانی لەڕوی ماف و چیاووگ و موڵك و سامانەوە دەستکەوتێکی گرنگ بۆ چینی سێیەم بگەڕێنێتەوە و دەستەبەر بکات و سیستەمێکی نوێی سیاسی بهێنێتە ئاراوە، بەرگریەکی سەرسەختانە لە شۆڕش و پرێنسیپەکانی بکات و تاڕادەیەکی باش ئیدارەی بارودۆخەکە بەڕێوەببات و سەرکەوتوو و زاڵ بێت بەسەر سەرجەم دەنگە ناڕازی و یاخیبوەکاندا(لوبون، 2012: 116).

بەسەرنجدان لە ڕێکەوتی دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کەهەر دوای ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە، شۆڕشی گەورەی فەرەنسی (1789) ڕویداوە، کە دەکرێت ئەو ڕوداوە وەك ئەنجامیك لەکاریگەریەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی، یان زنجیرەی گۆڕانکارییەکانی دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی نیشتیمانی سەیربکریت و خواست و ویستی شۆڕشگێڕان و ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی یەك بۆچوون و یەك ئاڕاستەبێت و بڕیارەکانی (4 و 26 ئابی 1789) ئەنجومەنی نیشتیمانیش گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن. جگە لە کاریگەرییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوخۆیەکان ڕوداوەکانی دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی سنورە لۆکاڵیەکانی فەرەنسای تێپەڕاندووە و شێواز و سیستەم و کارەکانیان وەك هەڕەشە و لەبەریەك هەڵوەشانی کۆی سیستەمی کۆنی سیاسی ئەوروپا سەیرکراوە، کە دەکرێت لە ناوەڕۆکی بەیاننامەی (پیلنتز Pillnitz) بەئاشکرا هەست بەو بۆچونە بکرێت.

**تەوەری دووەم: ئەنجومەنی نیشتیمانی و دەستوری ساڵی(1791)**

پڕبایەخترین کارێك کە ئەنجومەن پێیهەستا دانانی دەستور بوو، کە گرنگترین ئەو خاڵانەی کە لە دەستوری ساڵی (1791) ی فەرەنسا، ئاماژەی پێکرابوو ئەمانە بوون:

1-مرۆڤ بە ئازادی لە دایك دەبێت و پێویستە یەکسانبێت لە ماف و دەستکەوتە کۆمەڵایەتیەکان(البطریق، نوار، 2020: 378).

2-ئامانجی دەزگا سیاسییەکان بریتییە لە پاراستنی مافە سروشتییەکانی مرۆڤ، مرۆڤ ئازادە لە مافی خاوەنداریەتی و بەدەستهێنانی ئاسایش و ئاسودەیی. (McPhee, Peter, 2013. P. 85)

3-نەتەوە سەرچاوەی سەروەر و دەسەڵاتی وڵاتە. (Mcphee, Peter, 2013, p. 86)

4-مرۆڤ ئازادە لەوەی چۆن و بە چی شێوەیەك مومارەسەی ژیان دەکات، بەمەرجێك زیان بەکەسانی دەوروبەری نەگەیێنێت و ڕێز لە یاسا بگرێت.

5-یاسا تاکە سەرچاوەی رێگە پێدرا و قەدەغەکراوەکانی مرۆڤە و هەر کۆت و بەندێك لە یاساوە سەرچاوەی نەگرتبێت هیچ شەرعیەتێکی نییە.

6-یاسا بەرجەستەکەری ئیرادەی گشتییە و تاکەکانی کۆمەڵگە ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە بەشدارن لە یاسادانی وڵاتدا و هەموو هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن.

7-بەپێی پاڵپشتی دادگا و یاسا، هیچ کەسێك نابێت دەستگیر و سزابدرێت.

8-سزادانی هەر کەس و تاکێك پێویستی بە بەڵگەی یاسایی هەیە.

9-تۆمەتبار بێ تاوانە تا ئەو کاتەی تاوانەکەی دەسلمێنرێت. (البطريق، نوار، 2020: 378).

10-مرۆڤ ئازادە لەڕووی بیروباوەر و باوەڕهێنانەوە.

11-مرۆڤ ئـازادە لەڕووی دەربڕن و نوســین و هەر بیرو بۆچونێـك کە هەیبێـت بەمەرجێـك لە چوارچێوەی یاسادا بێت.

12-کاری سوپا بریتییە لە پاراستی ئاسایشی هاوڵاتیان و پاراستنی سنوری دەوڵەت.

13-دابەشــکردنی کۆمەك و دارایی بە شــێوەیەکی یەکســان بە لەبەرچاوگرتنی هاوڵاتی بوون و سەروەت و سامان.

14- بەشداریکردن و ئاگادرابونی هاوڵاتیان لە سەپاندنی باج و داهات و خەرجی گشتیدا.

15-جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت پەیوەستە بە دەستورەوە

16-ڕێزگرتن لە خاوەنداریەتی تایبەتی هاونیشتیمانیان.(McPhee, Peter, 2013, p 86)

لەگەڵ قبوڵکردنی دەســتوری تازەی وڵاتدا، کۆمەڵێك خاڵ بەهۆی ناکۆکی و یەکلانەکردنەوەیان بە هەڵپەســاردراوی مانەوە لەوانە (باجی خانوبەرە، باجی کرێ، باجی ســەرکارگە و کارە بازرگانیەکان)، بەڵام لەگەڵیدا ســەرجەم بەربەســتە گومرگیەکان هەڵگیران وە ئەو کارە بووبەهۆی هاندانی گەورە بۆ هێنـانە ئـارای ئـازادی بـازرگـانی و خزمەتکردنی بە دروســتبونی ســیســتەمی ســەرمـایەداری بۆرجوازی.(السبکی،1985: 34،33).

هەر بەپێی دەستوری ساڵی (1791) دەسەڵاتی وڵات دابەشی چوار دەسەڵات کرا:

1-دەسەڵاتی جێبەجێکردن

بەپیی دەســتور پاشــا لە دەســەڵاتی بانگەشــەی ســەروەری دادەماڵدرێت و تەنها وەك ســەرۆکی دەوڵەت دەمێنێتەوە کەدەســەڵاتی دانانی وەزیرەکانی هەبێت بەبێ ئەوەی دەســەڵاتی ڕەتکردنەوەی یاساکانی هەبێت تەنها دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کاتی یاساکان رابگرێت. (McPhee, Peter, 2013,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Page 447)، دەسـەڵاتەکانی حکومەت لە ڕێگەی وەزارەتە جۆربەجۆرەکانەوە جێبەجێ بکرێت، پادشا خۆی سەرۆکی هێزی چەکدارە و ڕاگەیاندنی جەنگ و بەستنی پەیماننامەکان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەردەچن، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی کۆتایی یاساکان لای پەرلەمان مایەوە و زۆربەی دەسەڵاتەکانیان لێکجیاکردەوە.

2- دەسەڵاتی یاسادانان

ئەنجومەنێکی (745) کەسی پێکهێنرا کە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرا، بەڵام مافی دەنگدانان تەنها درابوو بە ئەو کەسانەی کە باجیان دەدا، ویستیان ئەنجومەنێکی (8) کەسی پێکبهێنن بەڵام لەرێژەی دەنگداندا سەرکەوتوو نەبوو و داڕێژەرانی دەستور نەیان دەویست فەرەنسا بەراورد بکەن بە بەریتانیا و ئەمریکا. یەکێك لە کێشەکانی ئەنجومەنی یاسادان ئەوەبوو کە ئەنجومەن دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و ئەنجومەنی وەزیرانی نەبوو.

3-دەسەڵاتی دادوەری

بەپێی پرانسیبی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دادوەر و دادگاکان سەربەخۆبوون، ڕاستەوخۆ لەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵدەبژێردران، کە زۆرجار بەهۆی ناهۆشیاری و نەشارەزایی خەڵکەوە نەدەتوانرا کەسانی شارەزا و بەهێز بۆ ئەو بوارە هەڵبژێردرێت.

4- بەڕێوەبردنی خۆجێی ناوچەیی لە دەستوردا

بەپێی دەستور دەسەڵاتە خۆجێیەکان هەڵوەشانەوە و هەموو هەرێمەکان لە یەك هەرێمدا یەکخران، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو شێوازە سەرکەوتو نییە دووبارە هەرێمەکانیان بەسەر (83) ناوچەدا دابەشکرد و سەرجەم ناوە کۆنەکانیان لادا و ناوی تازەیان لێنان، ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کە پیاوانی ئاینی لە هەرێمەکاندا هەیان بوو سەرجەمیان لادران و یاسای مەدەنی تایبەت بە پیاوانی ئاینی دەرچوو کەنیسە بەتەواوەتی خرایە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە. (نجم، 2012: 299-300)

وەك دەبینین نوسینەوەی دەستورێکی مەدەنی و جیاکردنەوە و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان ڕەنگدانەوەی بیر و هزی بیرمەندانی ڕۆشنگەری بوو کە مەبەستیان بوو ئەو باگراوندە ئاینی و

خوداییە لە سیستەمی پادشایەتی بکەنەوە، کاروباری سیاسی و بەڕیوەبردنی وڵات وەك کردارێکی مرۆیی سەیر بکرێت، کە ئەویش لەگەڵ خواست و ویستی داخوازیەکانی چینی گشتی یەکانگیر بوو، لە کاتیکدا سیستەمی پادشایەتی ڕەها هەڵێنجراو بوو لەسەر قۆرغکردنی دەسەڵاتەکان و زەوتکردنی ئیرادەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ...هتد، تاکەکانی کۆمەڵگا. بەدیوێکی تریشدا دەکرێت دانانی دەستور وەك خاڵێك بۆ لاوازی و بێ ئیرادەکردنی سیستەمی پادشایەتی و پادشا سەیربکرێت و بەتایبەت بۆ ئەو قۆناغ و سەردەمە کە دەستور و ناوەڕۆکەکەی بەجۆرێك لە جۆرەکان نامۆ بوو بە سیستەمی سیاسی فەڕەنسا و تەنانەت زۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپاش.

.

**ئەنجام**

بەسەرنجدان و تێڕامانی قوڵمان بۆ سەرچاوەکانی توێژینەوە گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

1- دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی، گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە مێژووی ئەوروپی و بگرە جیهاندا هێنایە کایەوە، کۆتایی بە بنەما کلاسیکیەکانی ڕژێمی چینایەتی هێناو سەرەتایی کۆتایهێنانی ڕژێمی پاشایەتی ڕەهابوو لە ئەوروپادا.

2- پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگای فەرەنسی بەتایبەت ئەو دوو چینەی (خانەدان و پیاوانی ئاینی)، کە خاوەنی هەموو شتێك بوون، هیچ بەرپرسیاریەتێکیشیان لە ئەستۆ نەدەگرت، گەورەترین بەربەستی بەردەم گۆڕانکاریەکان بوون کە بەبێ بازدان بەسەر ئەو دوو چینەدا گۆڕانکاری خەونێکی مەحاڵ بوو.

3- قەیرانە یەك لەدوای یەکەکانی ئابوری و سیاسی و شکستی لویسی شانزەهەم لە چاکسازی ئابوری، کۆمەڵگای فەرەنسای خستە بەردەم بژاردەی بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە کە ئەمە دواهەمین بژاردەی ناچاری هەرکۆمەڵگایەکە بۆ گۆڕانکاری.

4- شۆڕشی فەرەنسی تەنها گۆڕانکاری نەبوو لە هزرو بیردا بەڵکو دەست بردن و گۆڕانکاری بوو لە (میکانیزم)ی گەیشتن بە ئامانجەکان، بەبێ گۆڕینی (ئەنجومەنی چینەکان) بە (ئەنجومەنی نیشتیمانی) و دەسکاری کردنی شێوازی دەنگدان ئەستەم بوو گوێ بۆ داواکاری و خواستەکانی هاوڵاتیان بگیرایە.

5- ئەو گۆڕانکاریەی کە لە ئەنجومەنی چینەکاندا کرا، وایکرد ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەرکی شۆرشی فەرەنسا لە ئەستۆ بگرێت و وەك فریاد ڕەسی کۆمەڵگای فەرەنسی دەربکەوێت.

6- لەسەرەتادا داخوازی ئەنجومەنی نیشتیمانی و هاوڵاتیان خۆی لە کۆمەڵێك وردە چاکسازی و ژیانێکی ئابوری باشتردا دەبینیەوە، بەڵام کە پاشا گوێی بۆ نەگرتن، ئاستی داواکاریەکانیان بەرزکردەوە دواتر بە هەڵتەکاندنی سەرجەم جومگە بنچینەییەکانی ئەو سیستەمە کۆتایهات.

7- دوای سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی، لەڕووی تیۆری و پراکتیکەوە (شۆڕش)، ئەنجومەنی نیشتیمانی کۆمەڵێك بڕیارو بەیاننامەی دەرکرد و دواتریش رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە دانانی دەستورێکی مەدەنی هەڵقوڵاو لە فیکری فەیلەسوفانی رۆشنگەرو ڕەنگرێژکردنی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا، کە ئەو کار و چالاکیانە نوێنەرایەتی خواست و داواکاریەکانی چینی سێیەم بوون.

## سەرچاوەکان

### 1- بەزمانی کوردی:

1 - ئەحمەد(2014)، سامان حوسێن، مێژووی ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسیەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

2- ئەفیمۆف، گالکین، ئیلیا و ئەوانی تر(2013)، مێژووی سەردەمی نوێ ( لە شۆڕشی ئینگستانەوە تا کۆمۆنی پاریس)، بەرگی یەکەم، و: زانەر محمد ڕەشید، چاپخانەی چوارچرا.

3– البدری(2016)، محمد عبدالستار، مێژوو چیمان بۆ دەگێرێتەوە، و: هەورامان وریا قانع، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

4– شاکر(2019)، محمود، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان (ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست، مێژووی نوێی ئەمەریکا و مێژووی نوێی ئەوروپا)، و: موسا محمد عبدالرحمن، نیهاد جلال حبیب الله، بەرگی دوو، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- صالح(2005)، یاسین صابر، ئینسایكلۆپیدیای گشتی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
6– قانع(2019)، هەورامان وریا، شۆڕشی فەڕەنسا، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.
7– كریم(2019)، خالد محمود، مێژووی نوێی ئەوروپا (لەڕێنیسانسەوە تاوەكو سەردەمی هاوپەیمانێتیەكان)، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی.
8– كۆمەڵێك نوسەر(2009)، سەدەكانی ناوەڕاست و دادگاكانی پشكنین و شۆڕشی فەڕەنسی(1789)، و: هەورامان وریا قانع، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی.
9- نقیب زادە(2008)، ئەحمەد، مێژووی دبلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، و: مستەفا مەعروفی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكراوەی موكریان، هەولێر.
10– هەینی(2013)، شێرزاد ، شۆڕشەكانی جیهان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

## 2– بەزمانی عەرەبی:

11- ابوعلیة(2007)، عبدالفتاح الحسن، تأریخ أوروبا الحدیث و المعاصر، دار المریخ للنشر، السعودیة.
12 ـ الادهمی(1989)، محمد مظفر، تاریخ اوروبا الحدیث (عصر النهضه - الثورة الفرنسیة - القرون 16-18 میلادیة)، مطبعة التعلیم العالی، بغداد.
13 ـ برون(2006)، جفری، تاریخ اوروبا الحدیث، ت: علی المزروقی، الاهلیة للنشر و التوزیع، الاردن.
14 ـ البطریق، عبدالحمید(بدون السنة)، نوار، عبدالعزیز، ، تاریخ الاوروبی الحدیث (من عصر النهضه الی موتمر فیینا، دار النهضة العربیة، لبنان.
15 ـ حاطوم(1979)، نورالدین، تاریخ الحركات القومیة(یقظة القومیات الاوربیة)، الجزء الاول، الطبعة الثانیة، دار الفكر، الكویت.
16 ـ حسین فاضل، كاظم هاشم نعمه (1982)، التاریخ الاوربی الحدیث (1815-1939)، مدیریة دار الكتب ونشر جامعة الموصل.
17 ـ السبكی(1985)، امال، اوروبا فی القرن التاسع عشر فرنسا فی مئەعام، العالم المعریف، سعودیه.
18ـــ سوبل(1989)، البیر، تاریخ الثوره الفرنسیه، ترجمة: جورج كوسی، الطبعة الرابعة، منشورات عویدات، بیروت ـــ بارس.
19 ـــ عوض(1991)، لویس ,الثورة الفرنسیة، مطابع الهئة المصریة العامة للكتاب، مصر.
20 ـ فوریه، فرانسوا، ریشة دینی، (1993)، الثوره الفرنسیة، ت: صیام االجهیم، القسم الاول، منشورات وزاره الثقافه، سوریه.
21 ـــ فیشر(1993)، ه.ا.ل، تاریخ اوروبا فی العصر الحدیث (1789-1950)، ت، احمد نجیب هاشم، ودیع الطبع، الطبعة التاسعة، دار المعریف، مصر.
22 ـ لوبون(2012)، غوستاف، روح الثورات و الثورة الفرنسیة، ت: عادل زعیتر، مؤسسة هنداوی للتعلیم و الثقافه، مصر.

23 ـ النائب(2013)، احسان عبدالهادى، توماس هوبز و فلسفة السياسة، منشورات مكتب الفكر التوعية للأتحاد الوطنى الكردستانى، سليمانى.
24 ـ نجم(2012)، زين العابدين شمس الدين، تأريخ أوروبا الحديث و المعاصر، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان.
25 ـ نوار، عبدالعزيز سلمان، نعنعى، عبدالمجيد، (2014)، التاريخ المعاصر اوروبا من الثورة الفرنسية الى الحرب العالمية الثانية، الطبعة الجديد، دار النهضة العربية، لبنان.
26 ـ هريدى(2003)، صلاح احمد، تاريخ اوروبا الحديث و المعاصر (1789-1914)، دارالوفا، مصر.

**3- بەزمانی ئنگلیزی:**

27- James M. A. (2007). Daily Life during the French Revolution, Westport: Greenwood Press
28- David A. (1999). French Society in Revolution 1789-1799, Manchester: Manchester University Press.
29- Alfred C. (1999). The Social Interpretation of the French Revolution, 2nd Edition, Cambridge: Cambridge University Press.
30- William D. (2002). The Oxford History of the French Revolution, 2nd Edition, Oxford: Oxford University Press.
31- David R. and Eric H. (2010). Social Class in Europe: An Introduction to European Socio-Economic Classification, Oxford: Rutledge.
32- Alan F. (1989), Conscripts and Deserters, The Army and The French Society During the Revolution and Empire, Oxford: Oxford University Press.
33- Gregory F. (2006). The Encyclopedia of the French Revolutionary and Napoleonic War, A Political, Social, and Military History, Vol. 3, California: ABC-CLIO, Inc.
34- Francois, F. (1996), The French Revolution 1770-1814, Oxford: Blackwell.
35- Jeffrey R. H. (2021). The General Will and the Extreme-Right in the National Constituent Assembly, 1789-90, French History & Civilization, Vol. 10, p162-175.
36- Jocelyn H. (2005). The French Revolution, London: Routledge.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

37-Jonathan I. (2014), Revolutionary Idea, An Intellectual History of the French Revolution from the Rights of Man to Robespierre, Princeton: Princeton University Press.

38-Peter M. (2013), A Companion to the French Revolution, Oxford: Wiley-Blackwell.

39- Bailey S. (2004). Reinterpreting the French Revolution, A Global-Historical Perspective, Cambridge: Cambridge University Press.

40- Timothy T. (1996). Becoming a Revolutionary, the Deputies of the French of the National Assembly and the Emergence of a Revolutionary Culture (1789-1790), New Jersey: Princeton University Press.

41- Toma, P. A. (1964). Book Reviews: What is the Third Estate? By EMMANUEL JOSEPH SIEYES. Translated English by M. Blondel; New York: Frederick A. Praeger, 1963.

To what extent, the struggle of the French Classes has an impact on Establishing the French National Assembly in (1789) and its Effects

**Abstract**

The Estates General had been established in (1302), but until (1614) it was passive and had not held any meetings. By the command of King Louis XVI, the assembly had been reactivated and the election was held. The nominated of all classes namely (Nobles, Clergy, and General Classes) were elected. The Estates General which was representative of the overwhelming majority of the French people, had conflict with both other classes, for obtaining the rights of the Estates General. Furthermore, the representative of the Estates General had a significant role, in the French Revolution. This research is could be considered as an attempt to put shed light on the role of the National Assembly's effects in (1789), as it was the greatest and the most effective

political organization in France. There are a number of factors of its establishment, and it had a crucial role in ruling France. In addition, the struggle of the classes which was as one of the most important factors has been discussed here. This research consisted of introduction, prologue, and three main sections. The first section consisted of the economic and social conditions of the classes, and widen the economic and social differences of the French classes was one of the main reasons of establishing the Classes Assembly then which was changed to the National Assembly. The second section dedicated to the transition period from the Classes Assembly to the National Assembly. In the final section, National Assembly and its effects on the outbreak of the Revolution, and the civil constitution for France were established.

**Key Words**: **Revolution, King, France, Social Classification, National Assembly**.

**Hana Ali Hama**:
Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Kurdistan region – Iraq
hana.ali@uor.edu.krd 07501088980

**Ahmed Hama Mustafa:**
Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Kurdistan region – Iraq
ahmed.hama1976@uor.edu.krd 07501353349

**Rawaz Mahmud Rasul:**
Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Kurdistan Region-Iraq
Rawaz.mahmud@uor.edu.krd 07501047636

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# (الاصراع الطبقي كسبب لتأسيس المجليس الوطني الفرنسي عام (1789) و تأثيراته دراسة تاريخية سياسية)

**الملخص**

المجلس الطبقات التى تأسست عام (1302) ولكن منذ عام (1614) لم يقعد جلسة، بأمر من الملك لويس السادس عشر بين (1788-1789) تم تفعيل هذا المجلس و أنتخيب اعضائهم التى يتكون من (الإقطاع والنبلاء، والرجال الدين و الطبفة العامة او الثالثة) الطبقة العامة التى تمثل الاكثرية الفرسين. بدأت الصراع مع الطبقات الاخرى من اجل الحصول على الحقوق الطبقة العامة، هذا صراع أثر على تأسيس المجلس الوطنى و بعد يترأس الثورة الفرنسية هذه الدراسة بعنوان (الاصراع الطبقي كسبب لتأسيس المجليس الوطني الفرنسي عام 1789 و تأثيراته- دراستة تاريخية سياسسية) محاولة تحدث عن أثار المجلس الوطنى فى عام (1789) فى فرنسا كأعظم موسسة السياسية تأسست من ابعاد المختليفة و دوره فى مجال الحكم فى فرنسا و تحدثنا عن الصراع الطبقى كأهم الاسباب لتـأسيس هذا المجلس، هذه الدراسة ينقسم الى مقديمة و مدخل و ثلاثة المبحث الرئسية، اولا: تعريف الحالات الاجتماعية و الاقصادية و مكوينات الطبقات التى يسبب تعمق الصراع الطبقى و تأسيس المجلس الوطنى الفرنسى. وخصصنا المبحث الثانى، لمرحلة الانتقالية من (المجلس الطبقات) الى تأسيس (المجلس الوطنى) وفى النهاية اشرنا الى دور و تأثيرات هذا المجلس فى اندلاع الثورة الفرنسية و كتابة الدستور المدنى لفرنسا.

مفتاح الكلمة: ثورة، فرنسا، ملک، مجلس الوطني، الطبقية